# غەریزە یان ئەوینی دایکێتی

نووسینی مەرزیە جەوانمەرد

پێشەکی

**ئوتوریتەی دووقات**

تا ئەو جیگایەی کە ئاوڕ لە ڕابردووی بنەماڵە دراوەتەوە، ئەوە دەرکەوتووە کە باب دەسەڵاتی بەسەر بنەماڵەدا هەبووە. دەسەڵاتی باوکێتی هاوتەریبی ئۆتۆریتەی مێردایەتی بووە. بە باوەڕی مێژووناس و دادناسان ڕیشەی کۆنی دەسەڵاتی باوکێتی و مێردایەتی "ئوتۆریتەی دووقات"، لە هێندوستانەوە هاتووە. لە نووسراوە پیرۆزەکانی ئەم هەریمە وەک Veda, Arya, Sutraدا، بنەماڵە وەك باوەڕ و ئیمانێکی گرووپی چاوی لێکراوە. باب بە سەرۆکی گروپە داندراوە و، ئەرکی ئەوە بووە چاوی لەسەر ئاکاری ئەندامانی بنەماڵە (خێزان و منداڵان) بێ و، پرسیاریان لیان پرسێتەوە.
بە هەمان شێوە ئایینە نوێکانیش هەر لە سەرەتای هاتنیان و، یان وردەردە پەرەیان بە دەسەڵاتی باب دا. لە کۆتاییدا باب بوو بە خاوەنی سیستەمێکی دەسەڵاتی و مافێکی بێ سنوور.
هەروەها بە پێی بەڵگە مێژوویەکان و دانپێداهێنانی شاهیدان ئەم سیستەمە، دەسەڵاتییە تەنانەت زۆر بە قووڵی شوێنی خۆی لەسەر باری دەروونی ئینسانەکان داناوە. ژن و منداڵ وەک ئەندامانی بنەماڵە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی ئەم سێستەمەدا ژیاون و، خۆیان گوونجاندووە.
بە مەبەستی تاوتوو و نووسینی ئەم وتارە واتا پرسی "غەریزە یان ئەوینی دایکێتی"، چاوێک بە ڕوانگەی ئایینی مەسیح لە ئاست ئەو پێگە و شوێنەی کە داوییەتی بە ژن - دایک - منداڵ دادەخشێنین. هەروەها چاوێکیش بە باردۆخی ژن - دایک - منداڵ بە گشتی لەکۆمەڵگای ئوڕوپا و بە تایبەتی فرانسا دادێنین.

**مەسیح و بنەماڵە**

باس لە ئەوە دەکرێ کە یەکێک لەو ڕێبازە شۆڕشگێڕانەی عیسای مەسیح گرتیە بەر ئەوە بوو کە هەستی خۆشەویستی لە نێو ئەندامانی بنەماڵەدا ڕابهێنێ. مەسیح گووتبووی؛ "ئوتۆریتەی باوکێتی ئەوە نییە کە ئارەزووی باوك بپارێزێ ،بەڵکوو ئەوەیە ئارەزووی منداڵ بپارێزێ. ژن-دایك کۆیلەی پیاو- مێرد نییە، بەڵکوو هاودەمێتی". هەروەها سەبارەت بە منداڵ گوتوویەتی: - "منداڵ پیرۆزە."
"Elisabeth Badinter" گووتەی مەسیح لێکداداتەوە و دەڵێ؛ "مەسیح لە پەیامەکەیدا ئەمە ڕادەگەینێ کە مێرد و ژن یەکسانن و، لەبەرامبەر منداڵدا هەردووک هەمان ماف و ئەرکیان هەیە".
بەڵام بابزانین ئەوانی بە جێگای مەسیح دانیشتین چۆن ڕێبازی مەسیحیان گرتەبەر.
ئایینناسانی مەسیح و جێگرانی مەسیح هەمان کۆنە ئایینناسانی یەهود بوون و، بە قووڵی ڕیشەی یەهوودییان تێدامابوو و، هەر بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە ئایینی مەسیح پەیامی خۆشەویستی و یەکسانی تێدابوو، ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی باوکێتی - مێردایتی و، تێڕوانین لە سەر ژن دا، لە هەمان سەرچاوەکانی ئایینی پێشووی خۆیان واتا ئایینی یەهود کەڵکیان وەردەگرت. بە شێوەیەک پەیامی مەسیح سەرکووت و چەواشەکرا کە باب - مێرد دەسەڵاتی خودایی خۆی کە

پێشتر لە ئایینی یەهوددا هەبوو، وەربگرێتەوە. بەر لە هەموو شتێک ئەوان هاتن هەمان سێ پەردە دراماکەی کۆنی خولقاندنیان زیندووکردەوە و،بە نمایشیان داناوە؛ 1- ژن لە پیاو خولقاوە، (کەموکوڕی هەیە، ناتەواوە). 2- لە سوێنگەی تاوانی ژن پیاو زەرەرمەندبووە(دێوەزمەیە،شەیتانە). 3- ژن نفرینی ئەبەدی لێکراوە (سیمبولی بەدیە، قەت باش نابێ).
بە گشتی لە سەدەی 300 وە بەم لاوە ئەم باوەڕە لەسەر ژن جێگای خۆی گرت و لە زیادبوونی دا. "Augustinus" (ئوسقۆفی باڵا 345-430 زایینی، لە ئەفریقا بانگەشەی ئایینی مەسیحی کرد)، ئاوا ژن دەهێنێتە ناسین و دەڵێ: "حەیوانێك کە نەدەکرێ بگووترێ تۆکمەیە و، نە بەردەوامە، ڕق لە دڵە، تەنیا بەدی و خراپی لێدەکەوێتەوە... ئەو دەسپێکی هەموو شەڕەچەقە و هەراهەرا و ڕانەپەڕاندنییەکە". ئەم چەشنە بیر و باوەڕە لە هەموو لایەنێکەوە هەر لە زیادی دەدا و، زیاتر و زیاتر جێگای خۆی لە نێو کۆمەڵگادا دەکردەوە.
وەک "بدینتێر" دەڵێی؛"هەستی خۆشەویستی هیچ شوێنێکی لە نێو ئەم ئوتۆریتەدا نەبوو".

**منداڵ کێی بوو؟**
لە ڕوانگەی ئاییناسان و خوتبەدەرانی مەسیح؛ منداڵ بوونەوەرێکی بێ نرخ، سەربار، ناتوان و، خراپ و جێی مەترسی... بوو و سەردەمی منداڵی سەردەمێکی شوم بوو کە دەبوایە منداڵی لێ ڕزگاربکرێ.
"ئاگوستینوس" و، "J.L. Vives"(1492-1540) ، دوو ئاییناس و خوتبەدەری گەورەی مەسیحی و، سەدان میراتگریان بە تێگەیشتنە چەوتەکانی خۆیان وێنەیەکی یەکجار ناشیرینان لە سەردەمی منداڵی بڵاوکردەوە کە تەواو بە پێچەوانەی باوەڕ و ڕاسپاردەکانی مەسیح بوو. بە گووتەی ئەوان منداڵ هەر لە یەکەم ساتی هاتنە سەر دنیا، سیمبوڵی بەدی و خراوییە، نموونەی بونەوەرێکی ناتەواو و پڕتاوانە. ئاگوستینۆس دەڵێی: "گەر بیتوو ئێمە ئیزن بە منداڵ بدەین ئەوەی بیهەوێ بیکا، دەبینین خۆی لە هەموو چەشنە تاوانێک وەردەدا."
نمونەی تری ئەم تاقمەیە، قەشەی گەورە، سیاسەتوان و نووسەری فەرانسایی "Bossuet" (1627-1704) و، "Descartes" فەیلەسوف و بیرمەندی فەرانسایی (1596-1650) بوون، کە بەم چەشنە سەردەمی منداڵیان پێناسە کردوە. "بوسێ" دەڵێی: "ژیانی سەردەمی منداڵێ ژیانێکی حەیوانییە". "دێسکارت" دەڵێی: "سەردەمی منداڵی بەر لەهەموو شتێک سەردەمی لاوازی ڕووحییە. منداڵی سەردەمێکە لە ژیان کە توانایی بۆ فێربوونی زانیاریی و تێگەیشتن، پێوەندی تەواوی بە جەستەوە هەیە. منداڵ هیچ فکرێکی تری نییە بێجگە لەو تێگەیشتنەی کە جەستە دەیداتێ". ئەم باوەڕە لەسەر منداڵ تەواو جێگای خۆی لە کۆمەڵگادا کردبووە کە منداڵ تەنیا لە ڕێگای جەستەوە دەتوانێ لە باشی و نەباشی تێبگا. هەروەها منداڵ سەرەڕای ئەوەی کە بە کەم دادەندرا، بە بونەوەرێکی مەترسیهێنەریش دادەندرا. تاسەدەی 16 زۆر لە ئاییناسان و، تەنانەت فەیلەسوفان "ترس لە منداڵ"یان لە نێو کۆمەڵگادا بڵاوکردوەتەوە. هەرئەوەندە منداڵ وەزمان هاتبا و سەرپێ کەوتبا، هەر تاوانێکی کردبایە وەک گەورەساڵ حوکمی سزادانی دەدرا.
ترس لە منداڵ بوو بە ترس لە سەردەمی منداڵی و، سەردەمی منداڵی بێجگە لەوەی کە هیچ بایخێکی نەبوو، وەک سەردەمێکی زەرەرلێدەریش چاوی لێدەکرا. بە باوەڕی ئەم زانایانە بۆ ئەوەی خۆ لەدەست ئەم زەرەرە ڕزگار بکرێ و، کەمتر زەرەرمەند بن، دەبێ ڕێگای خەبات دژ بە منداڵێتی لەبەرچاو بگیرێ و، توانا تێکدەرکانیانی منداڵ پووچەڵ بکرێتەوە. یەکەم هەنگاو ئەوە بوو کە بێ ئەملاوئەولا بەربەرەکانی لەتەک ویست و ئارەزووەکانی منداڵ بکردرێ.

**کورتەیەک لە فەلسەفەی ئەریستو لە ئاست ژن**

بەر لە "Aristoteles" (384-322 پ. ز) تەنیا لە لایەن ئایین و پیاوانی ئایینەوە دەسەڵاتی پیاو پەرێپێدەدرا و زەمانەت دەکرا. مێژوو ئەریستوی بە یەکەم فەیلەسوف دادەنێ کە بە یارمەتی فەلسەفە توانی ماف و ئوتۆریتەی تەواو بە پیاو وەک مێرد و باوك ببەخشی. ئەریستو سەرچاوەی بەڵگەکانی لە ئاست سەروەری پیاو بەسەر ژندا، لە جیاوازی سروشتی نێوان ژن و پیاوەوە هەڵدێنجێ و، لە هەمان کاتدا شێوەیەکی فەلسەفی بە هەڵبەستۆکە ئایینەکان دەدا. کاکڵی بناخەی ڕێبازی فەلسەفەی دەسەڵاتی پیاو بە پێی بەڵگەکانی ئەریستو دەکرێ ئاوا بەکۆ بکرێ: "پیاو مافی خۆیەتی دەسەڵاتدار بێ، مافی دەسەڵاتداری پیاو لەسەر ئەو جیاوازییە سروشتییە ڕاوەستاوە کە لە نێوان گیانلەبەری ئینساندا هەیە"... لە ئاستی سیاسییشەوە: "سروشت کەسانێك بۆ فەرماندان و کەسانێکی تری بۆ فەرمانبەری و، گوێڕایەڵی خولقاندووە"... "لە سەردەمی کۆیلە بێ ڕووحەکانەوە تاکوو فەرمانڕەوایی لە "دوموس"دا، هەر کەسەی پلە، شوێن و کەسایەتی خۆی هەبووە کە تێدا پێوەندی ئەو لەتەك ئەوی تردا دیاری کراوە".

ئەریستو جیاوازی ژن و پیاوی تەنیا لە جیاوازیی جەستەییدا نەدەدیت، بە لای ئەوەوە پیاو ڕووحەن لە ژن بەرزترە. جەستە و ڕووحی ژن قەت ناتوانێ ببێتە هاوشانی جەستە و ڕووحی پیاو. ئەریستودەڵی: "مێتافیزیکی ژن بەهای لە مێتافیزیکی پیاو کەمترە. تێگەیشتن، شانازی ئینسانی، نموونەیی و مێتافۆری تەنیا هی پیاوە"..."بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن، پلە و پایەی ژن لە ژێرەوەی پلە وپایەی پیاوەوەیە". ئەریستو کە یەکێک لە گەورە فەلەسوفانی دنیایەیە و، سەرچاوە بووە بۆ چەندین زانستی وەک سیاسەت، شێعر، شعوور، ئەخلاق، وتە و تەنانەت بایولۆژی. ئەو وەک حەکیمێک بەو هەموو زانستەی کە هەیەتی دەڵێ: "خوێنی مانگانەی ژن مادەیەکە لە سپێرمەوە سازبووە". تەنیا "قیمەتێک" کە ئەریستو بە ژنی داوە، "ژن وەك زەوی دەچێ کە دەبێ بکێڵدرێ"..."شایستەگی ژن لە منداڵ وەسەردنیاخستنی ئەو دایە". ژن لە لای ئەریستو زەوییەکی بێ گیان، بێ شعوور و بێ زمانە کە تەنیا دەبێ گوێیەکی فەرمانبەری باشی هەبێ. ئەو، پیاوان لە نەزانی ژنان ئاگا دەکاتەوە و دەڵی: "لەبەر ئەوەی توانایی بیرکردنەوەی ژن لاوازە، هیچ هۆیەک هەبوونی نییە کە ڕەچاوی بیروڕا تێگەیشتنی ئەو بکرێ". ئەریستو نایهەوێ بە هیچ شێوەیەک نرخی ئینسانی تەواو بە ژن بدا و، لە باسی هاوژینی ژن و پیاودا بەیەکەوە دەڵێ: "ژن بۆ پیاو کەرەسەیەکە وەك کەرەسەکانی تری پێویست، هەربۆیە پیاو دەیکڕێ."

ئەریستو دوای پێناسەکردنی ژن و وشیارکردنەوەی پیاوان لە ئاست ژن، دەست بە ئاموژگاریکردنی ژن دەکا کە چۆن بتوانێ خۆی لەتەک ویستەکانی پیاوبگونجێنی تاکوو ببێتە جێی ڕەزامەندی پیاو: "ژن، بۆ ئەوەی بەسەر دژواریدا زاڵبێ، دەبی گوێڕاڵی فەرمان بێ"..."سەربەرزی، ئابڕو و شەڕەفی ژن لە "ئاستەمی بێدەنگی" ئەو دایە.

فەلسەفە و باوەڕی ئەریستو بوو بە تیۆرێکی دەسەڵاتی بێ سنووری حکومەتی پاشایەتی و، ئایینەکان. میراتگرانی ڕێبازی ئەریستو ئەوەندەی تر پەرەوباڵیان بە فەلسەفەی ئەریستو دا کە کردیان بە باوەڕێکی ئیلاهی. ئەوان لە پێناسەکردنی پیاودا دەیانگووت؛ "پیاو تەنیا بوونەوەرە کە زۆرترین بەش لە خواوەندیی پێگەیشتووە و، ئەو ئیمتیازەی کە بە ئەو دراوە تەنیا لەبەر لێوەشاویی خۆیەتی. ئەوە شتێکی "سروشتییە"، ئەو کەسەی کە نموونەیە لە نێو مەخلووقەکانی تردا، دەبێ بەسەر باقی ئەندامانی دیکەی بنەماڵە ئەمر بکا. پیاو هەم بە هۆی ئەو وێچوونە

خوداوەندییەی کە هەیەتی فەرمان لەسەر ئەوانی تر دەدا، هەروەك چۆن "خوداوەند فەرمان لەسەر مەخلووقانی خۆی دەدا". هەروەها بە هۆی ئەو تواناییەی کە لە گۆڕەپانی سیاسەت، ئابووری و، ئەرکە یاسایانەی کە هەیەتی دەستوور لەسەر ئەوانی تر دەدا، هەروەك "پاشا و ژێردەستەکانی". هەشتسەد ساڵ دوای مەرگی ئەریستو گەورە پیاوی پیرۆزی مەسیحی و، خوتبەدەر "Benedictine"(480-543) ئاوا وتەکانی ئەریستو بە ئیلاهی دەکا و، دەڵێتەوە کە " ژنە گوناە دەکا ئەگەر بیهەوێ بێ ویستی مێردەکەی لە ماڵێدا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ... ژن بۆ ئەوەی تووشی گوناە نەبێ، قەت نابێ بە دژی مێردەکەی بێ. ژن بەپێی یاسای سروشتی ئینسانی و خوداوەندی، دەبێ گوێڕایەڵی مێردەکەی بێ، ئەوە ئەرکی ژنە ." هەروەها دواتر دەنووسێ: "ئەو ژنەی کە بە هۆی فرەژیری، جوانی، موڵك و سامان و میراتی خۆیەوە، خۆی پێی گەورەبێ و بە دەمارەبێ و، مێردەکەی خۆی بەکەم بگرێ و جوابی نەداتەوە... ئەوە ئەو ژنە دژ بە فەرمانی خودا هەڵسووکەوت دەکا، چوونکو خودا دەیهەوێ ژن لەژێر دەسەڵاتی پیاو دابێ، پیاو گرانبەهاتر و مومتازترە لە ژن. پیاو هاووێنەی خودایە و ژن تەنیا هاووێنەی پیاوە."
پەیام و وتارەکانی "بێنێدیکتین"، ئەوەندە بڕەوی هەبوو کە لە سەدەی 12شدا لە کلیساکاندا دەزرینگاوە و، نەسیحەتی ژنانیان پێدەکرد؛ " تەنیا ژنی شەڕفرۆش و بێ سەبر وەها دەکا کە مێردەکەی ناوی خودا بە خراپی بهێنێ... تەنانەت ئەگەر هەق بە ژنەش بێ، دەبێ بێدەنگ بێ و، نارەحەتی خۆی قووت بداتەوە تاکوو نەبێتە هۆی تووڕەیی و زەحمەتی مێردەکەی..."
ئاوا دیارە سەرەڕای ئەو هەموو ئامووژگاری وهەڕەشانە، هەردیسان ژن هەبوون کە بەدڵی پیاوان نەجووڵاونەتەوە چونکوو "Fenelon" زانای گەورەی ئایینی (فرانسا1651-1715), وەدەنگ دێ و دەڵێ: "ئەی ژنینە؛ وەها گوێ لەمستی مێردەکانتان بن وەك ئەوەی ئەو نوێنەری خودایە لەسەر زەوی".

**خۆشەویستی باش و خۆشەویستی نەباش**

ئایین تەنیا ڕیسای بۆ هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی ژن و مێرد لە بەرامبەر یەکتر دەسنیشان نەکرد. ئایین خۆی تێکەڵاوی بابەتی زۆر شەخسی نێوان ژن و مێرد کرد. بەر لە هەموو شتێک لە باری کولتورییەوە هاوچەشنی، واتا هوموژێنی پێشمەرجێکی گرینگ بوو بۆ پێکهێنانی هاوسەرێتی و، ئایینیش پشتیوانی لەم پێشمەرجە کرد و، مەرجی خۆی تێدا جێ کردەوە و کردی بە مەرجی سەرەکی. هوموژێنی، واتا هاوشانی و هاوڕەنگی تەنیا پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نەدەگرتەوە، بەڵکوو بەر لە هەمووشتێک دەبوایە ئەو کچ و کوڕەی کە بەتەمان بەیەکەوە ببن بە ژن و مێرد دەبوایە هاودین بن.
ئاییناسان خۆشەویستیان لە نێو ژنومێردا دوو بەشکردبوو؛ ئەوینی باش و ئەوینی نەباش.
ئەوینی باش: ژن و مێرد دەبێ هاوڕێی یەکتر بن بەم مەرجە کە پیاو سەروەر بێ. پیاو تەنیا کاتێک بۆی هەیە سێکس لەگەڵ ژنەکەی بکا، کە پێی خۆش نییە!
ئەوینی نەباش؛ ئەو ئەوینەیە کە لە کاتی نزیکی جنسی ژن و مێرد لەزەت لەیەکتر بەرن. ژن و مێرد مافی ئەوەیان نییە لەزەت لە یەکتر بەرن. چوونکە تەنیا هەوس لەزەتی لێدەکەوێتەوە و، هەوەسی ژن و مێرد بۆ یەکتر حەرامە. بە پێی ڕیسای ئایین ئەم مێردانەی کە لەزەتی سێکسی لە ژنەکانیان دەبەن تاوانکارن و خوداوەند سزایان دەدا و لە پیاوەتیان دەخا؛ "پیاو بۆی نییە لە ژنەکە وەک ژنەخراپە کەلک وەربگرێ و، ژنیش بۆی نییە وەک یار هەڵسووکەوت لەگەڵ مێردەکەی خۆی بکا". زۆر بە ئاسایی دەبینین کە لە ژنومێردایەتیدا نیشاندانی حەزو ئارەزوو بۆ یەکتر حەرام بووە. ئاییناسان بە ڕێساکانیانەوە هەڕەشەیان لە مێردان دەکرد کە "مێردێکی ڕەسمی کە

زیاتر وەک پیاوێکی تامەزروو و بە هەست ڕەفتار لەتەک ژنەکەی دەکا، ڕیسای ژنومێردایەتی دەشکێنێ".
لێکۆڵنەرانی پرسی دیاردەی هوموسێکسوئیلی و خۆفروشی، ئەم ڕێسایە وەک فاکتەرێکی بەهێز تەماشا دەکەن بۆ سەرهەڵدان و پەرەپێدانی دیاردەی سێکیسی هاوڕەگەزی و خۆفروشی لە کۆمەڵگادا.
هاندانی ژن ومێرد بۆ ڕەچاوکردنی ڕێسای خۆشەویستی باش تەنیا لە سەردەمی کۆن و ناوەڕاستدا و، لە لایەن پیاوانی ئایینەوە نەبووە، بەڵکوو ئەم ئاموژگاریانە هەروەک ئامۆژگارییەکانی دیکەی ئایینی، تاکوو سەدەی 19 و لە لایەن کەسانی نا ئایینیشەوە دووپاتکراوەتەوە. "Flandrin"ی(فەرانسایی 1809-1864، سیاسەتمەدار و پارێزەر)، باس لە ناتوانی سێکسی پیاوان دەکا. ئەو لەسەرەتاوە ناتوانیی جنسی پیاو وەک گرفت نابینێ و دەڵێ: "ناتوانیی سیکسی پیاوان هیچ گرفت نییە، تەنیا نەویستن و پێخۆشنەبوونی پیاو ڕادەگەیێنێ". دوایی دوو بۆچوونی دی بە مێشکی دەگا و دەڵێ: "یان لەوانە بێ جادووی لێکرابێ یان هۆیەکەی ئەوە بێ، مەبەستی لە هاوسەرگرتن خۆشڕابواردنی جەستەیی بووبێ، بۆیە لە ئاکامدا خودا سزای دابێ". دووپاتکردنەوەی ئاموژگارییەکان لە لایەن "فلاندرین"، بنەی نایە:"ئەگەر ئیشتیاتان لە نزیکی کردن لە گەڵ هاوسەرەکەتان بێ... هیچ شتێکتان وەگیرناکەوێ. بەپێچەوانە کاتێک پێتان خۆش نییە پاداشتان دەدرێتێ. دۆستایەتی باش و خاوێن بۆ ژنەکانتان ڕاگرن".
تاکۆتایی سەدەی 17 وشەی خۆشەویستی بەدەگمەن لە نێو ئەم چەشنە نووسراوانەدا بەدی دەکرا. "Zola" نووسەری بە ناوبانگی کۆتایی سەدەی 18، لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بە گشتی باس لە نەبوونی ئەوین و خۆشەویستی لە نێو خەڵک بە تایبەتی لە نێو ژیانی ژن و مێرداندا دەکا، "زولا" ئەم نەبوونە دەگەڕێنێتەوە سەر لەمپەرەکانی کۆمەڵگا کە ئیزن بە کچ و کوڕان نادا بەدڵی خۆیان هاوسەر هەڵبژێرن. دوایی لە ماوەی هاوسەریشدا لە سوێنگەی ئەو پێگە نەزمەی ئایین بە ژنی داوە و، بوونی ڕیساکانی ئایینی لە پێوەندی ژن و مێردایەتیدا هەستی ترس و نیگەرانی دەسەلاتی بەسەر پێوەندیی بنەماڵەدا زیاتر دەبێ، هەربۆیە لەیەک تێگەیشتن و، لەیەک نزیکبوونەوەی ئەم دووانە چەتوونتر دەبێ. مەبەست لە ئامازەکردن بەم مێژوویە، ئەوەیە کە ئەوین و خۆشەویستی بە تایبەت لە نێو ئەندامانی بنەماڵەدا بەهایەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، نەک ئەوەی حاشا لە بوونی خۆشەویستی بکرێ، چوونکو هیچ ئەقڵێک شتی ئاوا نابڕێ. بەگشتی هەستی خۆشەویستی ئینسانەکان بۆ یەکتر بە شتێکی نەرێنی و، بە بناخەیەکی لەرزۆک بۆ دامەزراندنی ژیانی هاوسەری داندراوە. هەروەها فەیلەسوفان دەیانگووت: "ئەوین بێدەربەستی لە واقعییەت و سوستی پێوەیە (وەک لەدەسدانی تێگەیشتن)، و ئەوین کورتخایەنە".

### تیۆری بەربەرەکانی

پیاو بە پێی ئەو پێناسانەی کە بە ناوی ئایین و فەلسەفە لە ژن و لە منداڵی دەکرد، دەبوایەش ڕێسایەک دارێژێ کە بتوانێ دژکردەوە لە بەرامبەر هەموو ناتەواویی و نائەهلی ئەم دوو بوونەوەرە بگرێتە بەر، کە دەوریان دابوو. پیاو دەستی بە داڕشتنی تیۆری بەربەرەکانی کرد کە لەسەر منداڵ پیادەی بکا.
*"Education" پەروەردە: "Educare" وشەیەکی لاتینە بە مانای؛ "ئەو شتەی کە خوێ نەگرتووە، سەرلێشێواوە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە". منداڵ وەک چەوت و نائەهل تەماشای دەکرا و، بۆ لار نەبوونەوەی پتر پێویستە لە ڕێگای ڕفتاری توند ڕاست بکرێتەوە*. ئایینناسان کە زۆربەیان

خۆیان بە فەیلەسوف و پێداگۆگ دەزانی، بناخەی پەروەردەیان لە ڕووی ئەم بیرەی ئەفلاتون واتا "سزادانی جەستە، ڕووح ئازاد دەکا"، دامەزراند.
توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ بە مەبەستی پەروەدەکردن، بوو بە ئاکارێکی سروشتی و ئاسایی لە نێو بنەماڵە و خوێندگەدا. ژنیش کە وەک "منداڵ لە قالبێکی گەورەدا" حیسابی بۆ دەکرا، لەم توندوتیژییە بێبەش نەبوو. پیاو وەک باب لە منداڵ و وەک مێردیش لە ژنی دەدا تاکوو هەردووکیان بەیەکەوە بئاملێنێ.

**تاوانی خراپیی منداڵ**

لە هەمان کاتدا ئاییناسان بەردەوام خراپی و بەدجنسی منداڵیان وەبیر باب و دایکەکان دەهێناوە، هانیشیان دەدان کە لە ئاست منداڵەکانیانەوە ساردوسڕبن. "بدینتێر" ئاماژە بەمە دەکا کە چۆن تاوانی خراپیی منداڵ بە سووچی دایک دادەندرا؛
*- یەکێک لەو ئایینناسانە خوتبەدەری بەناوبانگی سپانیایی جی. ئێل. ڤیڤێس بوو، کە تاکوو ساڵی 1542 زۆربەی وتارەکانی لە لاتینەوە بۆ سەر فرانسا وەرگێڕدرا و چەندین جار لەسەرڕاوە چاپکراوە. ڤیڤێس لە وتارەکانیدا زۆر بە توندی ڕەخنە لە ئەو ژنانە دەگرێ کە لە تەک منداڵەکانیان گەرموگوڕن و، بە دایکێکی سوست و لێنەوەشاوە ناویان دەبا کە، توانای ئەوەیان نییە منداڵ پەروەدە بکەن و، هاواردەکا: " ئەی دایکان؛ هیچ شتێک بارتەقای لەزەت بردن، جەستە لاواز ناکا؛ ئێوە منداڵی خراپ دەکەن کاتێک ئاوا بەخۆشییەوە مەمکیان دەدەنێ... دایکان! لە ڕێگای لێدان و گریانەوە منداڵەکانتان لە دوودڵی بهاوێن. منداڵ لە ڕێگای سەختگیری و خواردنی نەکەم نەزۆر، جەستە و تێگەیشتنی بەرەو باشی دەچی. دایکان! ئەوەی بزانن کە بەدکاری و بەدجنسی ئینسانەکان بەشی زۆری پێوەندی بە ئێوەوە هەیە. ئێوە بە هۆی شێتی خۆتانەوە بە ئاکارە هەڵەکانی ئەوان پێدەکەنن، ئێوە بیر و بۆچوونی تێکدەر و ترسناکی خۆتانیان دەدەنێ .... بە تاوانە ئاساییەکانتانەوە، واتا فرمێسک هەڵوەڕاندن و مێهرەبانی کردن، بەرەو خو و ئاکاری خراپ و شەیتانانەیان هاندەدەن. ئێوە زیاتر دەتانەوێ و، پێتانخۆشە دەوڵەمەند و بەناوبانگیان بکەن تاکوو ئەوەیکە باشیان بکەن ... ئێوە نەوازیشتیان دەکەن بەجێگای ئەوەێکە فێری لەخۆبردوویان بکەن و، لە ڕێگای بەخشینی شتی باش، خوێڕیان دەکەن؛ دوایی بە گوڕ بۆیان دەگرین و لە ئەو کارانەی کە کردووتانە پەژیوان دەبنەوە. حەکایەتە بەناوبانگەکەی کوڕە جحێڵەکەتان بیستووە کە دەیانهەویست هەڵیهاوەسن. کوڕە داوای کرد ئیزنی پێبدەن تاکوو بۆ ئاخر جار لەگەڵ دایکی قسان بکا. کوڕە؛ گوێی دایکی لێکردەوە، لەبەر ئەوەیکە دایکی لە سەردەمی منداڵیدا ئەو تەربێیە توند و ودرووستەی کە دەبوایە لەمەڕ ئەو کردبایەی نەیکردبوو. ئینسان چ بەم دایکە بێ ئەقل و شێتانە بڵێ کە دەیانهەوێ منداڵیان خوێڕی، سەرخۆش و بێ مشووربێ، تاکوو ئەوەیکە ڕەفتارباش، شەرمێون، وشیار، ئارام و، ئاشتیخوازبن؟... ئەو منداڵەی خۆشەویستی دایکێتی، ئاساییە خراوترین منداڵ دەردەچێی."*
لە ناوەڕۆکی ئەم ئامۆژگارییانە بە ڕوونی دەردەکەوێ ئایینناسە پێداگۆگەکان، ئیزنیان بە دایک نەداوە منداڵی خۆی بلاوێنێیەوە و، خۆشەویستی خۆی بە منداڵەکەی نیشانبدا. دایک لە هەموو لایەکەوە هاندراوە لە ئاست منداڵەکانی تەنانەت لە ئاست منداڵی ساواشدا بێ موبالات و ساردوسڕبێ. بە باوەڕی ئەوان بەر لە هەموو شتێک خۆشەویستی دایک بۆ منداڵ دەبێتە هۆی بێ ئەخلاقی و خوێڕێتی منداڵ لە گەورەساڵیدا. ئایینناسان ڕەفتاری پڕ لە میحیبەتی دایکیان هەم بە تاوان و، هەم بە نیشانەی خوێڕیتی و خۆشڕابواردنی دایک داناوە.

**سیستەمی داد**
دوای هەرەس هێنانی سیستەمی ماتریارکاتی، دەسەڵاتدارانی سیستەمی نوێ واتا سیستەمی پاتریارکاتی هەوڵیانداهیچ نیشانەیەک لە سیستەمی پێشوو کە بە قازانجی ژن بووە نەمێنییەتەوە. بۆ وێنە "پ.ز MarcusTerentius Varr116-27 " باس لە دۆخی ژنان لە حکومەتی "Aegeus"دا، سێ سەد ساڵ بەر لە شەڕی "ترویان"، دەکا و دەڵێ: " لە سەرەتاوە پیاو لە ئاتن بە هۆی هێزی باشتری فیزیکی فەرزی کرد کە ئیدی لەوەودوا ژن نابێ بۆ کۆمەڵەی ڕاوێژکاری حکومەت هەڵبژێردرێ و، هەروەها لەوەی دواوە نابێ ناوی دایک لەسەر منداڵ بێ، تەنیا دەبێ ناوی باوک لەسەر منداڵ بێ." بە دەرکردنی ئەم یاسایە، وێڕای ئەوەی مافی سەرەکی دایکێتی بە بێ پیاوی ڕەسمی واتا مێرد لە ژن ئەستێندرایەوە، هەروەها منداڵێک کە ناوی پیاوێک واتا بابی لەسەر نەبایە نەدەبوایە بێتە سەر دنیا.
بەسەرهاتی لە دایکبوونی مەسیح لە لایەن ژنێکی بێ مێرد، هەنگاوێک بوو بۆ گەڕانەوەی ئەم مافە بۆ دایک و بۆ منداڵ. بەڵام دیتمان سەری نەگرت و هەڵبەستۆکی"مەسیح کوڕی خودا"یە ڕاستییەکەی حەشاردا.
ناوئاخنی یاسای داد سەبارەت بە پێوەندی نێوان ژن و پیاو تەواو پێوەرێکی ئایینی پیاوانە بوو، ئایینێک کە هەر لەسەرەتاوە حیسابی خۆی لەتەک ژن دیاری کردبوو. یاسای دادهەمووی لەسەر ئەو بڕیارانەی کە خودا لە "Genesis"دا،(بناخەی تێڕوانینی ئایینی یەهودی سەبارەت بە خولقانی ئینسان) دەریکردبوو و، هەروەها ئەو ڕیسا و ئامۆژگاریانەی کە لە تەوڕات و لە " Efesierbrevet"(یەکێك لە نامەکانی پاوڵو لە ئینجیلدا)دا هاتبوون، دەگەڕا.
ئەمنییەت و ئاسایشی ژن لەوەی دابوو کە پێوندییەکەی لەگەڵ پیاو چۆن بێ، پەسەند نەکردنی ڕفتاری لە لایەن پیاوەوە بە هاسانی دەیتوانی سزای مردنی پێوەبێ. دەسەڵاتی داد لە تەواوی ئوروپا سزای کوشتنی بێ ئەم لا و ئەو لایان لەسەر سێ کردەوە بۆ ژن بڕیبووە؛ منداڵبوون بێ مێرد، منداڵ کووشتن (زۆرتر ئەو منداڵانە لە کاتی بووندا لە لایەن دایکەوە دەکوژران ئەوانە بوون کە بابی ڕەسمیان نەبوو.هەڵبەت دایک لە ترسی گیانی خۆی بە نەهێنی منداڵەی دەکووشت) و، "جادووباز".
دیارە هەم پیاو و هەم ژن بە تاوانی جادووبازی سزای مردنیان لەسەردرا بەڵام، هەشتا لەسەدی ئەو کەسانە کە بە ناوی جادووباز ئاگریان تێبەردرا، ژن بوون و بە گشتی ئەوان ژنانی هەژار، زانا، زیرەک، زۆرزان و سەربەخۆبوون. ئەوەش دەگەڕاوە سەر گەشەکردنی ئەم باوەڕەی کە "Platon"ی فەیەلسوف سەبارەت بە ژن هەیبوو. "ئەفلاتوون"، ژنی لە نێوان پیاو وحەیوانی نەعەملاو دانابوو و، مێشکی ژنی لە مێشکی پیاو پێ بچووکتر بوو. پیاوانی ئایینیش خوێندنەوەی خۆیان لەسەر باوەڕی ئەفلاتوون کرد و گووتیان؛ ژن بەهۆی مێشک بچووکی بە هاسانی دەیتوانی لەتەک شەیتان ڕێکبکەوێ. یەکێک لەم ژنە ناوبەدەرانەی کە لە سەرەتای سەدەی 14دا بە ناوی جادووباز، ئاگری تێبەردرا "Jeanne d´Arc" بوو. ژن سووتاندن بە ناوی جادووباز لەسەرەتای سەدەی 8وە وە تاکوو کۆتایی سەدەی 16، لە تەواوی ئوروپا دیاردەیەکی زۆر ئاسایی بوو.

**دەسەڵاتی سیاسی**
ژن لە یۆنان و ڕۆمی کۆندا وێڕای ئەوەیکە لە ئاست توێژی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ کوێلە هاوشان بوو، وەك نابالغیش حیسابی بۆ دەکرا و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەتەك منداڵدا نەبووە. واتا ژن بە هۆی نزمی پێگە و بەهای کۆمەڵایەتی، مافی بڕیاڕدانی سیاسی هەر وەک مافەکانی تری ژیان، نەبوو.

"بدینتێر" دەڵێ: *"Bossuet" قەشەی گەورە، سیاسەتوان و نووسەری فەرانسایی (1627-1704)، توانی بە شیکردنەوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو تێزی ئۆتۆریتەی باوکێتی بکا بە دەسەڵاتی پاشایەتی. ئەو لەم ڕێگایەوە هەم دەسەڵاتی پاشایەتی لە مۆرکی خۆیدا دەپارێزرێ و، هەم بەردەوامی بە نیزامی باوکێتی دەدا. "بوسێ" وەک میراتگرێکی ئەریستو باوەڕی بە سروشتی بوونی نایەکسانی و، ژێردەستبوون هەبوو. هەربۆیە دەڵێ: "پاشایان دەتوانن دەسەڵاتێکی تەواووکەماڵیان بەسەر ژێردستەکانی خۆیانداهەبێ، بێ ئەوەی بە هیچ ئەرکێك ببەسترێنەوە"... "باڵادەستی جیل بە دوای جیلدا بەم مانایە کە منداڵ ملکەچی باوك ودایکێتی". بوسێ لەم دەرئەنجامەوە بە هێندێك ئاکام دەگا، وەک لێهاتوویی وسەروەری باوك. بە باوەڕی ئەو لە باوکێتیدا باشی، مێهر و مێهرەبانێکی سروشتی لە بەرانبەر منداڵدا هەیە و، دەسەڵاتی پاشایەتی چەشنە باوکێتێکە کە بناخەی لەسەر باشی و مێهرەبانییەوە دامەرزاوە.

پاشا هەروەك باوك تەنیا باشی بۆ ژێردەستەکانی خۆی دەوێ، تەنانەت کاتێك سزاشیان دەدا. ئەم بیروباوەرە لە ڕێگای یاساکانی خودا(دە فەرمان) بەهێزکران و، ئەرکی خۆشەویستی باوك ودایکانی لە بەرانبەر منداڵەکانیاندا کپ کرد. دوایی لە نووسراوەکانی "بوسێ"دا بەردەوام تووشی سوژەی ناسپاسی و بەدیی منداڵان دەبین. ئاخرین باس و لێکدانەوەیەک کە "بوسێ" پێشکەشی دەکا، لەسەرهاوشێوەیی نێوان خودا، پاشا و باوکێتی ساخبووتەوە. ئەو لە ڕاستیدا دامەرزاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی لەسەر ئۆتۆریتەی باوکێتی پێ کەمە، هەربۆیەش دەیهەوێ ئەم دەسەڵاتە بکات بە مافێکی سروشتی. "بوسێ" دەیهەوێ مافی سیاسی پاشا بە مافێکی تەواو حاشاهەڵنەگر دانێ کە لە لایەن خوداوە هاتووە. ئەو لە کۆتاییدا دەڵێ: "خودا نموونەیەکی تەواووکەماڵە بۆ باوکێتی و دوای خودا، پاشا باوکی سەرزەوییە بۆ ژێردەستەکانی خۆی. لە بنەماڵەدا باوک جێگری خودایە و لە پێوەندی لەگەڵ منداڵەکانیدا پاشایە".

وردەرردە ئەم هاوشێوەییە سەرکەوت: باوکی بنەماڵە پرستیژ و ئۆتۆریتەی لە زیادی دا و، باوک بوو بە پاشایەکی باش، مێهرەبان و پیرۆز. بەڵام خودا خۆی ساکارتر بووە و زیاتر کەوتە بەردەستی ئەو بوونەوەرانەی کە خەلقی کردبوون. "بوسێ" باوەڕەکەی خۆی پووختە کرد و فۆرمێکی ڕێکوپێکی پێدا: "پاشایان جێگری خودان و، باوکی ڕاستەقینەی خەڵکن."

بۆ ئەوەی باشتر لە پووختەی بیری بەهاوشێوەییکردنەکەی "بوسێ" تێبگەێن دەبێ کونکرێت مەبەستەکەی ئاوا بهێنینە بەرچاومان: پێوەندی گاوان و گاڕان.

تاکوو سەدەی 16 ئەمە بەردەوام دووپات دەکراوە: هەروەک خودا چۆنە بۆ مەخلوقەکانی خۆی، باوکیش ئاوایە بۆ منداڵەکانی و، هەروەها پاشاش بۆ ژێردەستەکانی وایە.

جیاوازی سروشتی لە پێوەندی نێوان گاوان وگاڕاندا بە شێوەیەکی زۆر ئاشکراتر لایەنی بەرز لە لایەنی نزم جیادەکاتەوە: کەلێنی نێوان ئینسان و خودا، بەهەمان ئەندازەیە کە لە نێوان ئینسان و حەیواندا هەیە، بە هەمان شێوەش کەلێنی نێوان باوك و منداڵی.

گەر لە نزیکەوە تەماشای بکەین دەبینین تەواوی ئەو پێوەندیانەی ناومان هێنان کاتێك هەڵدەسووڕێن کە شاردراوەیە، یان بەشێوەیەک کپە. خودا، شا، باوك و، گاوان بۆ ئەوەی بتوانن جڵەوی بوونەوەرە خولقاوەکانی خۆیان (ژێردەستەکان، منداڵ و گاڕان) بگرن، دەبێ ناوبژیکەر و دەڵاڵێکی وشیاریان هەبێ، هەر بۆیەش پێویستیان بە کلیسا، پولیس، دایك و سەگی پاسەوان هەیە. دایک دەسەڵاتی بەسەر منداڵدا هەیە، باشی دەناسێ و چاوی لەسەر هەڵناگرێ. بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی هی خۆی نییە بە قەرزیان داوەتێ. ئەو ئەم دەسەڵاتەی لە بەرانبەر کورنیشکردن بۆ پیاوەدا وەرگرتووە، هەر چۆن کلیسا کورنیشی بۆ مەسیح بردووە، دایک پۆلیسێکی

زۆر هەستیارە و، سەگە پاسەوانەکەی سەرۆکخێزانە. دایک دەزانێ دەسەڵاتەکەی هی خۆی نییە هەربۆیە دایم لە خزمەت ئاغای ماڵ دایە.
جیاوازی نێوان دایك و منداڵەکەی لە ئاستی بەرزیی و نزمی پلە دایە، بەڵام جیاوازی نێوان ئەو مێردەکەی لە ڕەگەز دایە.*
دووزمانی و، سکاڵاکردنی کردنی دایک لە منداڵ لە لای باب و، لایەنگری نەکردن لە هەقی منداڵ بە دژی مێرد بێدەنگ بوون و، یان هاوکاریکردنی باب لە ئەشکنجە و ئازاردانی منداڵدا، هەموو دەگەڕێتەوە سەر ئەو دەسەڵاتە کاتییەی کە پیاو لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی بە دایکی داوە. یان باشترە بڵێین دەگەڕێتەوە سەر بێدەسەڵاتی و سەربەخۆنەبوونی دایک.

### دەسەڵاتی باب

مەسیح تەنیا خوداوەند بە خاوەنی منداڵ دادەنێ و دەڵێ: "منداڵ قەرزێکە لە لایەن خوداوە." واتا بە پێ ئەم پەیامە باب و دایک خاوەنی منداڵ نین، بەڵکوو تەنیا قەرزێکە لە لایەن خوداوە دراوە کە دەبێ ئامانەتیان بێ و، بێ زەدە بیگەڕێنییەوە بۆ خاوەنەکە.
بەڵام ئایینناسان لە لێکدانەوەی ئەم پەیامە تەنیا تیشکیان خستە سەر ئەوە کە منداڵ هی دایک نییە و، هەربۆیە منداڵ لەبەر خۆبردن و، منداڵ کووشتن بە تاوانێکی یەکجار گەورە داندرا. هەروەها ئایینناسان پەیامێکی نۆیان هێنا ئاراوە کە"منداڵ خولقاوی خودایە و بە هەر قیمەتێک بێ دەبێ بکرێتە مەسیحییەکی باش." بە هۆی بەجێگەیاندنی بەشی دووهەمی پەیامەکە واتا "بە هەر قیمەتێک بێ دەبێ بکرێتە مەسیحییەکی باش"، بە قونەخشکە دەسەڵاتی باب بۆ باب گەڕایەوە.
هەر بەم چەشنە زۆرجار دەوڵەت و کلیسا بە پێی بەرژەوەندی خۆیان گۆڕانکارییان بەسەر دەسەڵاتی مافی باوکێتیدا دەهێنا. هەڵبەت جار هەبوو بەرژەوەندییەکەیانی ئەم دوو لایەنە یەکتری نەدەگرتەوە و ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان، بۆ وێنە لە پێوەندی پرسی هاوسەرگیری منداڵان و دەسەڵاتی باوکێتیدا.
وەک "فیلیپیا ئارێس" لە کتێبی"مێژووی سەردەمی منداڵی"دا دەنووسێ: *" تاکوو نێوەڕاستی سەدەی11 هاوسەرگیری وەک ڕێوڕەسمی ئایینی چاوی لێدەکرا."دادگەی کانون" کە یاساییەکی کاتۆلیک- ڕۆمی سەدەی نێوەڕاست بوو و، بڕیارەکانی لە بڕیاری کلیسا و کۆبوونەوەکانی کلیسا وەردەگرت، دانی بەم مافەدا هێنا کە هاوسەرگیری منداڵ بێ ڕەزامەندی باوک و دایک، هاوسەرگیرێکی موعتەبەر و ڕەوایە، تەنیا بە مەرجێک کە کوڕەکە سێزدە و کچەکە یازدەساڵ و نیوی تەمەن بێ". ئەم یاسا تازەیە تا ڕادەیەکی زۆر ناڕێکوپێکی خستە نێو کۆمەڵگاوە، وەک: ڕفاندنی کچانی جەوان بە بیانووی ژن خواستن و، گەشەکردنی دیاردەی دووژنە. واتا لە ڕوانگەی کۆمەڵاتییەوە شێوەیەکی ناپەسەندی هاوسەرگیری پەیدابوو. یاسای تازە بێسەروبەرەیەکی وەهای لە کۆمەڵگادا لێکەوتەوە، کە کۆبوونەوەی"Tridentinska" دادگەی کانون لە ساڵی (1563-1545) ناچارکرا مەرجەکانی هاوسەرگیری سنووردار بکا. بە دزی هاوسەرگرتن بە تاوان ناسرا و، تەنیا هاوسەرگیرێک پەسەندکرا کە بە ئامادەیی کەشیش بێ و کلیسا بانگەوازی گرێبەستەکە بکا. لە کۆتاییدا وای لێهات هاوسەرگرتن بە بانگەواز ڕەسمی کرا و، هاوسەرگرتنی بێ ئیزنی باوک و دایک بە گوناە داندرا، تەنانەت تاکوو ئێستاکەش ئەم شێوە هاوسەرگیرییە موعتەبەرە."*
لێرەدا دەبینین کاتێک منداڵ ویستی خۆی لەژێر دەسەڵاتی باب ڕزگاربکا و، بۆ گەیشتن بە ویستی خۆی هەنگاوی هەڵێناوە، کلیسا پشتیوانی لێکرد و ئەو ئیزنەی پێدا. بەڵام دەوڵەت ئەم بڕیارەی بەدڵ نەبوو هات بە بیانووی ئەوە کە "بێسەروبەری لە کۆمەڵگادا سازبووە"، لە بەرامبەر کلیسادا

لایەنگری لە باب کرد و، ڕایگەیاند تەنیا ڕێز لە هاوسەرگیرییەک دەگیرێ کە بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵگا بەڕێوەبچێ. دەوڵەت بۆ لاوازکردنی بریاری کلیسا و، داسەپاندنی ویستی خۆی واتا دەسەڵاتی بابێتی، یەک بە دوای یەکدا یاسا و ڕێسای نۆی خستەکارەوە. دەوڵەت ساڵی 1556 ئەم یاسایەی دەرکرد: "ئەو منداڵەی بە پێچەوانەی ویستی دایک وباوکی هاوسەربگرێ لە میرات بێبەری دەکرێ و، قەت ناخرێتەوە سەربەشە میرات". دەوڵەت چەند ساڵ دوایە لە ساڵی 1579دا یاسایەکی تازەی خستە سەر یاسای پێشوو و ڕایگەیاند: "هاوسەرگیری بێ ئیزن و بێ ویستی دایک وباوک بە شێوەی "ڕەدواکەوتن، هەڵگرتن" سزای مەرگی پێوەیە و هیچ هیوایەک بۆ لێبردوویی تێدا وەدیناکرێ". بە پێی بەڵگە، ئەم بڕیارە تا سەدەکانی دوایی بە جیدی و بە توندی بەڕێوەچوو و نوێکراوە و، دەبینین ئەم یاسایە لە کوردستانی ئێمەدا ئێستاش بەڕێوەدەچێ.
وەک باسکرا دەوڵەت بەردەوام یاسای نوێتر و توندتری بۆ مانەوەی دەسەڵاتی باب بەسەر منداڵدا دەسەپاند. دیسان ساڵی 1629 بڕگەیەکی دیکە بە یاسای هاوسەرگیری زیادکرا و حکومەت بڕیاریدا:" "دزەکە"، (مەبەست لەو کەسەیە کە ژن هەڵدەگرێ)، بێجگە لە سزای کووشتن، دەبێ سەروەت و سامانیشی داگیربکرێ. هیچ حاکمێک بۆی نییە سزاکە سووک بکا. قازی و جێگرانی قازی دەبێ تەنانەت لێپرسینەوە و دادگەیی ئەو کەسانەش بەکەن کە دەستیان تێدابووە".
وادیارە سەرەڕای دەرکردنی ئەو هەموو یاسایە، دەوڵەت هەر بە ویستی خۆی نەگەیشتبوو چوونکو نزیکەی سەدساڵ دوای دەرکردنی یەکەم یاسا بەدژ هاوسەرگیری منداڵان بێ ئیزنی دایک و باب و، بەردەوام بڕگە لێ زیادکردن، دیسان ساڵی 1639 بڕگەیەکی تازەی لێ زیاد کردەوە: "تەنانەت ئەگەر دواتریش باوک ودایک ڕەزامەندی خۆیان لەسەر هاوسەرگیری منداڵەکانیان دەرببڕن - کوڕان 30 ساڵ و، کچان 25 سالیشیان بێ- دەبێ سزای مەرگ هەر ەڕێوەبچێ."
بێجگە لەم یاسایانەی کە دەوڵەت بۆ نیشاندانی پرستیژی خۆی لە بەرامبەر کلیسادا لە پێوەندی لەگەڵ هاوسەرگیری منداڵ بێ ئیزنی دایک و باب دەریکرد، چەندین یاسای دیکەشی دەرکرد تاکوو منداڵی لە بەرامبەر باب و دایکدا پێ سەرکوت و دمکوت بکا. باب مافی سزادانی منداڵی بە شێوەی لێدان، زیندانی کردن و، تەنانەت کووشتنی هەبوو، هەڵبەت لە پەنای بابدا، ئەم مافانە وەبەر دایکیش دەکەوت. بەڵام زڕدایک بێ ئیزنی حاکم مافی زیندانیکردنی زڕمنداڵی نەبوو. بۆوێنە ڕاستەوخۆ ئەم دەقە لە کتێبی "ئەو دایکە پڕ ئەوینە"، وەردەگێرمەوە: لە ئەپریلی ساڵی 1684 بریارێک دەرچوو، کە کوڕانی ژێر25 ساڵ و کچانی لە هەموو تەمەنێکدا دەگرتەوە. هەر منداڵێک بەهەر هۆیەک سکاڵەی باب ودایکی لەسەربایە، بۆوێنە، باش نەبا، تەمبەڵ و تەوەزل یان خۆشگوزەران بایە، ئەو منداڵە لە لایەن حاکمەوە دەکەوتە مەترسی گیران و دەستبەسەربوون. کوڕان لە "Bcertre " و، کچان لە "Sapetrier" زیندانی دەکران و، باب و دایک دەسەڵاتی بابێتی و دایکێتیان لێ دەستێندرا، بۆ ئەوەی نەکا باب و دایک پەژیوان ببنەوە و، بتوانن ئازادیان بکەن.
بەهۆی ئەوەێکە ئەم یاسایە زیاتر خەڵکی توێژی خوارەوەی کۆمەڵگای پاریسی دەگرتەوە هەربۆیە، لە 15 جولای ساڵی 1763، واتا بیست و پێنج ساڵ بەر لە شۆڕشی فەڕانسا لە سەردەمی "LudvigXV "، حکوومەت بڕیارێکی دیکەی دەرکرد کە تایبەت بوو بە بنەماڵەی توێژی سەرەوەی کۆمەڵگا. منداڵانی بنەماڵەی ئەسل و نەسەبدار، ئەرکی پاراستنی داب و نەریت و، ئابرووی بنەماڵەیان لەسەرشان بوو. ئەگەر ئەوان "تووشی داب و نەریتی وەها هاتبان کە ئابرووی بنەماڵەیان بەردبا و، ئاڕامیشی بنەماڵەیان تێکدابا"، وەزارەتی بەرگری- دەریایی لەسەر داوای بنەماڵە، منداڵەکەیان بۆ دوڕگەی "Desirade" ڕادەگوێست. ئەو منداڵانە کە بە

گوتەی باب و دایکیان نائەهل و بەد ڕەفتار بوون، لەم دورگەیەدا دەکەوتنە ژێر چاوەدێریێکی دژوار و، بە ڕاهێنانی سەخت و چەتوون تەنگیان پێهەڵدەهێنان. ئەوان لە ڕۆژهەڵاتنەوە تاکوو ڕۆژئاوابوون بە نانێکی نەمرنەژی دەبوایە کاری زۆر قورس بکەن. ئەگەر هاتبا و بە مەرجێک ئەو منداڵانە تۆبەیان کردبا، ساڵێک دوای تۆبە و، بە شاهیدی و ئیزنی چاوەدێران کەسێکی باشی لێدەرهاتبا، ئەوە لە "Marie-Galante" پارچەیەک زەویان لە ئیختیار دەنان هەتاکوو باقی ژیانیان لەوێ بەسەر بردبا. لەوانە بوو دوای چەند ساڵان بنەماڵەکەیان تکایان لە حکومەت کردبایە کە منداڵەکەیان بۆ ماڵێ بگەڕاندباوە."*

دەوڵەت بە ڕواڵەت بە لایەنگری بابان، منداڵانی سەرکوت دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوە بوو کولتوری سەربزێویی و سەربەخۆیی لە نێو کۆمەڵگادا سەر هەڵنەدا و، پیرۆزی دروشمی "خودا، شا، باوك، گاوان و، سەگی گاوان"، لای خەڵک بپارێزێ.

**وەرچەرخان**

سەردەمی ڕەوشەنگەری لە سێ سەدە و بە سێ قۆناخ دابەشدەکرێ، بڵاوبوونەوەی توێی ڕەوشەنگەری لە سەدەی 16دا، پشکووتنی لە سەدەی 17دا و سیسوونی لە سەدەی 18دا. کاکڵی فەلسەفەی ڕەوشەنگەری ڕێزی لە هزر و تێگەیشتوویی ئینسان دەگرت و، ئەم فەلسەفەیە خوێندنەوەی تازەی لە ژیان و لە جیهان هێنائاراوە. فەلسەفەی ڕەوشەنگەری بۆ گەشەپێدانی سەربەخۆیی، بەختەوەری تاکەکەسی و، ئازادی ڕادەربڕین، نووسین، ئایین، ئابووری، سیاسی و پرسی نەتەوەیی خەباتی دەکرد. هەرچەند لەم وەرچەخانەدا ژنیش وەک پیاو هەست و هوشیاری لە بەرزی دا، بەڵام ئەزموون نیشانیدا بەرهەمی ڕاستەوخۆی خەباتی"ڕەوشەنگری" تەنیا بە پیاوان بڕا و، "Alice Lyttkens" لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "بۆ ژنانی بە مێرد، هەمان ڕێساکانی سەدەی 15بەڕەوی هەبوو و، ژنی بێ مێردیش هیچ بەها و پێگەیەکی نەبوو."

پرسی ئابوری و، پرسی نەتەوایەتی وەک دوو تەوەری گرینگی دەورانی ڕەوشەنگەری لە ڕێگای منداڵەوە ڕاستەوخۆ بە ژن - دایک گرێدرا.

**کەڵکی ئابووری**

پەرەسەندنی زانستی ئاژەڵداری و گرینگیدان بە پەروەردەی ئاژەڵ، ڕاستەوخۆ مەیلێکی بەهێزی ئابووری لە پشت بوو. سیاسەتی ئابووری لەسەر ئەم دەرئەنجامە ساخبووە، کە بۆ گەیشتن بە ئابووری باش باشترین کەرەسە منداڵە، منداڵ کە گەورە بێ یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئاژەڵداری و ئاوەدانی. بە هۆی ئەم بیرۆکە، لە پەنای بەخێوکردن و ئاگاداریکردن لە ئاژەڵ، ڕاستەوخۆ سرنج خسترایە سەر منداڵیش. هەر هەنگاوێک کە بۆ باشتر ئاگاداریکردن لە ئاژەڵ هەڵدەهێندراوە، لە بەرامبەریدا هەنگاو بۆ باشتر کردنی دۆخی منداڵیش هەڵدەهێندرا. بۆ وێنە وێڕای کردنەوەی خولی ئاژەڵداری، خولی مامانیش کرایەوە تاکوو پێش لە مردنی منداڵ لە کاتی لە دایکبووندا بگیرێ. بە ڕاشکاویی دەتوانین بڵێین کە ئاژەڵ و منداڵ نرخێکی بازاریان پێدرا.

**هەستی نەتەوەیی**

لە نێو بیرمەندانی سیاسیدا ئەم هەستیارییە سەری هەڵدا کە "جەماوەر بۆ پاراستنی وەڵات و گەشەپێدانی نەتەوە گرینگە"، فرانسا یەکەم شوێنی کانگای ئەم بیرە بوو.(ئەم بیرە دوایی ئاکامێکی تازەی زانستی بەناوی "دێموگرافی" لێکەوتەوە).

"Rousssseau" (1712-1778)، لە ڕێگای دابەشکردن و، بەتایبەتمەندکردنی ئەرکی باب و دایک و، دەسنیشانکردنی کەم و کوڕییەکان، کۆمەڵگا بە زمانێکی ساکار هەستی نیشتمانپەروەری گەلی فرانسای دەبزواند: " تەنیا دەوڵەتێک بەهێزە کە پڕدانیشتوویە ... و، دانیشتووەکانی بەرهەمهێنەرن و کاسەیان پڕە."

مونتێسکیۆس، ڤۆڵتێر و ڕوسوو لە ڕێگای وتار و گازەندە هاندەری سەرەکی ئەم ڕێبازە بوون. ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەخێوکردن و ئاگاداریکردن لە منداڵیان لە سەرەوەی دەستوری کاری خۆیان دانابوو. بەر لەسەرهەڵدانی ئەم بیرە بە گشتی لە تەواوی ئوروپا ژن، دایک و منداڵ هیچ بەهایەکیان نەبوو، مەڕ و مانگا مردن زۆر ناخۆشتر لە ژن و منداڵ مردن بوو. فرانسا هاتوو سەر ئەم باوەڕە کە بۆ سەر بەرز ڕاگرتنی خۆی لە نێو وەڵاتانی تر و، بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی بەهێز پێویستی بە یارمەتی دایک هەیە، کە منداڵی بۆ سازبکا و بەخێوی بکا، ئەویش لە کاتێکدا تەنیا لە پاریس 70هەزار ژنی خۆفرۆش 10هەزار منداڵی کۆڵانی هەبوو.

هاوکات کە منداڵ بوو بە کەرسە بۆ بەرهەم هێنانی سەروەت و سامان، بوو بە زەمانەتێکیش بۆ بوونی هێزی دەسەڵاتی نیزامی. بۆ گۆڕانی تێڕوانینی پێشوو لەسەر بێ کەڵکی و نەباشی ژن و منداڵ پێویستکرا باوەڕێکی تازەی بەهێزی مەدەنی بێتە ئاراوە. دەوڵەت هات منداڵ و ژنی وەک شتێکی پڕبایەخ چاولێکرد. منداڵ مردن کە شتێکی ئاسایی و ڕوژانە بوو، وەهای لێهات کە لەدەستدانی هەر منداڵێک واتا "ئینسانێک" بوو بە "خەسارەتێک بۆ دەوڵەت و، تراژدیایەک بۆ بنەماڵە. باب و دایک خەم و پەژارەی خۆیان لە لەدەستدانی منداڵیاندا نەدەشاردەوە."

ئەوەی جێگای سرنجە لەم ئاڵوگۆڕییەدا بە بارتەقای ئەو"گرینگی"ییەی بە ژن وەک دایک درا، سەرزەنیشت و هەڕەشەشی لێکرا: "ئەگەر بێتوو ئێوە منداڵ پێشکێشی نیشتمان نەکەن نەک هەر ژنێکی تەواو نین، بەڵکوو شارۆمەندێکی باشیش نین."

بە کورتی بڵێن؛ دەوڵەت بۆ وەخەبەرهێنانی بیری گشتی لە ئاست ئاواتەکانی و، گەیشتن بە نیشتمانێکی بەهێز، تیشکی خۆی خستە سەر ژن. دەوڵەت لە ڕێگای پیاوانی هاوبیری خۆیەوە، ڕاسپاردە و پەیامی تازەی خۆی بە ژنان ڕاگەیاند.

**پەیامی ڕاسپێردراوەکان**

لە سەدەی 11دا یەکەم بنکەی پیشەی تایانی لە شاری پاریس کرایەوە. نەریتی مەمکدان بە منداڵ خوێ ڕۆژ بە ڕۆژ لە نێو دایکاندا کەم ڕنگتر دەبوو، تاکوو وای لێهات کە لە سەدەی 17دا وەگیرنەکەوتنی تایان بوو بە گرفتێکی جیدی کۆمەڵگا.

لە نێو ژنانی ئەریستوکرات نەبوونی منداڵ نیشانەی نەجیبی بوو و، ژنانی ساماندار منداڵیان بە تایان دەدا. هەروەها ژنانی چینی مامناوەندی زۆرتر منداڵیان ڕەوانەی کلیساکان دەکرد و، ژنانی هەژاریش منداڵی خۆیان لە هەتیوخانە و منداڵخانەکان دادەنا تاکوو تایانی منداڵی خێزانە دەوڵەمەندەکان بکەن و لەم ڕێگایەوە بژێوی خۆیان وەدەست دەهێنا.

کۆمەڵناسان بوونی ئەم دیاردەیە گرێدەدەنەوە بە هۆی ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە لە تەواوی ئەو منداڵانەی کە بە تایان دەدران یان لە منداڵخانەکان دادەندران زۆر کەمیان زیندوو دەمان، یان دایک و باب بەدوایاندا دەچوونەوە. بۆ نەمانی ئەم نەریتە لە نێو دایکاندا لە هەموو لایەنێکەوە هەولدەدرا، دوکتورانی زاووزوو "Philippe Hecquet"(ساڵی 1708) و، "Crousaz " (ساڵی 1722)، سەبارەت بە چۆنێتی ئەرکەکانی دایکێکی باش زۆر وتاریان بڵاوکردەوە.

پەیامی سەرەکی ڕاسپێردراوەکان هاندانی دایکان بوو بۆ مەمکدان و بەخێوکردنی منداڵیان. بیرمەندان بۆ داسەپاندن و باو کردنی داواکەیان لە نێو ژن و کۆمەڵگادا پەنایان بۆ سروشت برد و گووتیان؛ ئەم داوایە، داوای سروشتە، دەبێ بەڕێوەبچێ.
بیرمەندان لێرەدا پێوەندی نێوان سروشت و دایکیان هەستیارانە بە باوەڕێکی ئیلاهی گرێداوە. ئەوان بە هۆی ئیمانیان بە سروشت لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە "سروشت قەت هەڵە ناکا"، و سەرپێچیکردن لە یاسای سروشت کارەساتە: "مەمک نەدانی دایک بە منداڵی هاوکات کە لە باری ئەخلاقییەوە هەڵەیە لە باری فیزیکیشەوە مەترسیدارە."
"بدینتێر" دەڵێی: "لە ئەساسدا کاتێک بابەتێک دەکرێ بە "یاسای سروشت"، یانی دەبێتە "یاسای خودا"، و وەپشتگوێدانی یاسای خودا هەم تاوانە و هەم بێ ئەخلاقییە."
بۆ ئەوەی هەستی سۆز و خۆشەویستی و باوەڕ لای ژن سەبارەت بە منداڵ بخوڵقێندرێ، بارانی سەرزەنیشت، بەڵێنی و هەڕەشە بەسەر ژندا باری. لەم بوارەدا بەرهەمێکی زۆری ئەخلاقی، هونەری و کولتوری سەریهەڵدا و جەخت کرا کە؛ دایک ئەوینی کوتوپڕی (غەریزەی دایکێتی) بۆمنداڵی خۆێ هەیە، تەنانەت منداڵێک کە جارێ نەیبووە و نەیدیتووە. ڕاسپێردراوەکان واتا بە بیرمەند، فەیلەسوف، ئاییناسەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستیان و وەرگرتنی وەڵامی بەڵێ لە ژن، دایک کرا بە "ئوستورە". بەهەشتیان خستە ژێرپێی و سیمایەکی ڕووحانیان دایە: "ئەو دایکانەی مەمکی دەدەن بە منداڵیان پاک و نورانین، ڕەنگ و ڕوویان سووروسپییە، مەمکیان قیتە... هیچ شتێک خۆشتر لەمە نییە، ئێشی ژیانی منداڵی خۆت بکێشی... منداڵی بەرمەمکی دایک خەڵاتی خودایە بۆ دایک... نا ئاوا نییە، ئەو جورەی گوتوویانە نییە کە دایک زەوییە: دایک وەک باوک خولقێنەرە، تەنانەت هەرچەند کە باب "یەکەم ژیان دەدا... لە ڕێگای دایکبوون دەتوانین بڵێین ژن بەشێک لە کاری خولقاندن ئەنجامدەدا."
لە درێژەی ئەم هەڵمەتەدا ساڵی 1775 دوکتوری سکاتلەندی Buchan، لە وتارێکدا بە ناوی "ئادەرس بۆ ژنان" دەنووسێ: "ئەگەر دایکان بیانهەوێ کاریگەری گەورەی خۆیان لە کۆمەڵگادا بە کردەوە نیشانبدەن و بیانهەوێ لەم بارەوە دانیان پێدابهێندرێ، دەبێ هەموو دەرفەتێک بقۆزنەوە و، خۆیان پەروەردە بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی منداڵەکانیان داوایان لێدەکەن... لە ڕێگای ژنانەوە پیاوان حاڵیان خۆش یان ناخۆش دەبێ؛ بە هۆی ئەوانەوە پیاوان دەبن بە شتێکی باش یان نەباش، و قازانج یان زیان بەئینسانییەت و کۆمەڵگا دەگەیێنن... خانمانی من، ئەگەر ئێوە بە باشی گوێ لە سروشت ڕاگرن پاداشی تەواو وەردەگرن... وشیاربن دەنا سروشت دێ و تۆڵەتان لێدەکاتەوە و سزاتان دەدا... ئەوە سروشتە ئەمر بە ژن دەکا مەمکی بە منداڵەکەی خۆی بدا".
لە ڕێگای هەمان بەیت و باوی کۆن واتا تۆڵە ئەستاندنەوەی سروشت "خودا"، ترس و نیگەرانی خسترایە دڵی دایکان. ئەو دایکەی مەمکی بە منداڵی نەدا، لەم دنیایە دا: "سروشت تۆڵەی لێدەکاتەوە و بە گۆشتی خۆی سزای دەدا"، تووشی هەمە چەشنە نەخۆشییەک دەبێ. تاقمێک دوکتور هەر لە سەرەتاوە بڕیاریان دابوو، گەر بێتوو ئەو دایکەی مەمکی بە منداڵی نەدا و تووشی نەخۆشی بێ، مداوای ناکەن و دەگوترا:"هەر ژنێک مەمکی بە منداڵی نەدا دەمرێ." ئەگەر بێتوو لەم دنیایە تووشی نەخۆشی نەبن، لە دنیای دی بە مەمکان هەڵیانداوەسن.
Verdier-Heurtin زانای ئایینی، ئازادی و کەیف خۆشی ژن - دایک بە تاوان دادەنێ و دەڵێ: "ژنان! چاوەڕوانی من نەبن هاندەری ڕەفتارە پڕ لە تاوانەکانتان بم... من لەسەر کەیف و خۆشی ئەو کاتەی کە ئازاد بوون هیچتان پێناڵێم... بەڵام کاتێک کە بوون بە ژن، بوون بە دایک ژیانی

پڕ لە ڕەواڵەتپەرستیتان بەجێبهێڵن و، لە خۆشێی بە درۆ دوور ببنەوە. ئێوە ئەگەر ئاوا نەکەن تاوانکارن. ژن تۆ بەرپرسی ژین و سلامەتی دوارۆژی منداڵەکەتی."
هاوکات دەروونناسانیش بە هەمان مەبەست بەڵام بە زمانێکی دیکە، وەدەنگ هاتن و گوتیان: "تەواو لایەنی سایکۆلۆژی و ئەخلاقی منداڵ هاوکێش گرێدراوە بە یەکەم پێوەندییەکانی دایک و منداڵ کە چەند سەردەمی شیرەخۆرەییدا سەرکەوتوو بووبێ." واتا لە دواییدا ئەو ساتە لەزەتبەخشانە کە دایک بە منداڵی دەدا لە گەشەکردنی منداڵدا نەخش و ڕۆڵێکی زۆر گرینگ دەلیزن.
بەڵام دەروونناس "فرۆید" مەمکدانی دایک بە منداڵی وەک لەزەتی فیزیکی چاولێدەکا و، بە لەزەتی سێکسوئێلی گرێدەداتەوە. جیگای خۆیەتی کە ئاماژە بەمە بکرێ کە فرۆید خۆی موسایی بوو و، وێدەچێ کە باوەڕی ئایینی لە هەڵسەنگاندن و تێزەکانیدا ڕەنگیدابێتەوە.

**ڕۆسو و ئۆلگوی ڕۆسو**

هەرچەند لە دەورانی ڕەوشەنگەریدا ڕۆسو یەکەم کەس و تاکەکەس نەبوو کە گوتی: "پێزانین و ڕێزلێگرتنی تەواوی کۆمەڵگا هی ئەو دایکانەیە کە مەمک بە منداڵیان دەدەن"، بەڵام پەیامەکانی ئەو زۆر بە وردی کاری لەسەر کۆمەڵگا و دایک کرد.
ڕۆسو لە ڕێگای مێتودی پەروەردە جیاوازی جنسی نێوان ژن و پیاویی بە ئاستی بەرزی خۆی گەیاند و ئەم دوو جنسەی بە پێوەری خۆی پێناسەکرد. پێناسەی ئەو لەسەر ژن و پیاو بۆ ماوەی نزیک بە سێ سەدساڵێک بوو بە جێی باوەر و کەڵک وەرگرتنێکی بەرفراوانی پێداگۆگ و دەسەڵاتداران. دیسان دەبێ بکوترێ کە جێ دەستی ئەو لە بە ئاسایی کردن و، بەهێزکردنی ژێندەر دا، تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیایەشدا تاکوو ماوەیەکی باشی دیکە هەر دەمێنێتەوە. هەرچەند ڕۆسو شۆڕشی کرد و دینی لە پەروەردە جودا کردەوە، (ئەم کارەی بە ئاوارە بوون و سوتاندنی پەڕتووکەکانی تەواو بوو)، بەڵام لە ڕاستیدا بەردی بناخەی بیری ڕۆسو لە ئاست جیاوازی جنسی لەسەر باوەڕی ئایینی یەهود و، مەسیح داندرا بوو و، لە تەورات و ئینجیلەوە وەرگیرابوو، بەڵام ئەو زۆر زیرەکانە فۆرمێکی تازەی پێدا. ڕۆسو لە باوەڕەکەیدا هەوڵی ئەوەی بوو سەروەری پیاو و ژێروەری ژن بە تاوتوویەکی نوێ بسەلمێنێ. کاتێک نووسراوەکانی ڕۆسو دەخوێنینەوە ئەگەر بێتوو ناوی ئەوی لە سەر نەبێ، وادەزاندرێ ئەوە قەشەکانی سەدەی 11 نووسیویانە نەک بیرمەندێک کە "مێشکی شۆڕشی فرانسا"بووە. بەر لە هەموو شتێک ڕۆسو ژن بە "تەواوکەری"، پیاو دادەنێ، واتا هەمان هەڵبەستۆکی ئایینە ئاسمانییەکان لە ئاست خولقاندنی ئینسان، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی مودێرن دەریدەبڕێ.

بە پێی پێناسەی ڕۆسو "ئێمیل - پیاو- بوونەوەرێکی چالاک، بوێر، بەهێز، بە هۆش و باڵغە و، لە ئاست زادەی بیری بە توانایە، تەحەمولی ناڕەوایی نییە. سوفی - ژن - سروشتەن لاواز، شەرمن، ناچالاکە و، تەحەمولی نارەوایی هەیە و بێدەنگە، تەنیا لە تێگەیشتن لە کاری پراکتیکیدا بە توانایە." دەبینین ئەو تایبەتمەندییانەی یەکیان هەیەتی ئەوی دیکەیان نییەتی، بەڵام ئێمیل شتە باشەکانی هەیە و، سوفی شتە نەباشەکانی هەیە، ئەوەش بۆ ئەوەیە پیاو دەبێ وابێ و، ژنیش ئاوابێ.
پیاو لە بەرزیدایە و ژن لە نەزمیدا. ڕۆسو بە هەمان پێوەر جیاوازی دەخاتە نێوان چوارچێوەی پەروەدەکردنی ئەم دوو بوونەوەرە. ڕۆسو لە ڕێگای پەروەردەوە هەوڵیدەدا بەر لە هەموو شتێک "ئاواتی دایکبوون بکا بە تاکە ئاوات لە دڵێ هەر کچێکدا". ئەو تەنانەت لەسەر شێوەی تەڕو

ویشک کردنی منداڵیش وتاری دەرکرد. بۆ وێنە مەلۆتکەکردنی منداڵی ساوای بە کارێکی دیکتاتۆری دانا و، داوای لە دایکان کرد کۆتایی بەم دیکتاتورییە بهێنن.

ڕۆسو لە کتێبی "ئێمیل"دا دەڵێ: "کچ دەبێ بێوچان لە تەواوی ژیانیدا جڵەوی بگیرێ... بەم شێوە هاسانتر فێردەبێ ملکەچی ویستی ئەوانی دیکە بێ... ئەو "حەوا" بەئەنقەست و بە هۆی بەدیی خۆییەوە بوو بە هۆکاری ئازاری ئێمە... ئایا لەمە دادپەروەرتر بۆ ئەم ڕەگەزە چیترهەیە؟"

ڕۆسو خۆی دەزانێ بوونی ئازادی بە مانای بوونی دەسەلاتە، هەربۆیە دەڵێ: "ژنان دەبی تەنیا ئازادییەکی کەمیان هەبێ"، ئەویش تەنیا چوارچێوەی ماڵێ و، خزمەتکردن دەگرێتەوە و بەس. ئەو فێربوون و گەشەکردنی ژنی ئاوا دەسنیشان دەکا: "دایم ڕاهینان و فێرکردنی ژن دەبێ لە پێوەندی باشتر کردنی دۆخی پیاودا بێ."

ڕۆسو هاوکات کە ئەرکی مان و نەمان و پەروەردەی منداڵی خستە سەرشانی ژن، ژنی کرد بە بەرپرسی هەلسوکەوتی پیاویش: "خوو و ڕەویشت و، پەروەردەی پیاوانیش بە ژن بەستراوەتەوە... پەروەردەیان بکەن کاتێک منداڵن، خزمەتیان بکەن کاتێک گەورەساڵن، نەسیحەتیان بکەن، بیان لاوێنەوە... ئەمانە لە هەموو کاتێکدا ئەرکی ژنە... ژن بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە خولقاوە کە لەزەت بە پیاو بگەیەنێ."

"بدینتێر" ڕەخنە لە ڕۆسو دەگرێ و دەڵێ: "تەواوی مێتودلۆژان وریان کە وەک تێز باسی ڕوانگەکەیان نەکەن بەڵام ڕۆسو بە پێچەوانە ڕوانگەی خۆی بە "پرێنسیپێکی بڕیاردراو" دادەنێ و، لە دەرئەنجامدا تێزێک دەپاڵێوێ". لە هەمان کاتدا کە ڕۆسو هەر وەک پیاوانی ئایینی لە ئاست باوەڕەکانی خۆی هیچ گومانێکی نەکرد، باوەڕەکانیشی تەریک ماوە، ژن و پیاوێکی زۆر ئەم ڕێبازەیان بەردەوام کرد. وتار و کتێبێکی زۆر لەم ڕاستایەدا نووسرا و، بەباشی جیگای خۆی لە نێو کۆمەڵگاداکردەوە.

"ڤۆڵتێر" یەکێک لەو بیرمەندانە بوو کەم و زۆر لەتەک ڕۆسو هاوبیر بوو، ئەو هەروەک ڕۆسو تەنیا لایەنگری لە گەشەکردنێک بۆ ژن دەکرد کە لە پێناوی باشتر خزمەت کردنی بنەماڵە و منداڵدا بێ: "ئەگەر بێتوو ژنان هەلیان بدرێتێ کە شتک فێربن...، ئەوان دایک و ژنی باشتریان لێدەردێ...هەرچەند ژنان زیاتر لە باری فکری و شعوورییەوە گەشە بکەن، زیاتر دەکێشرێنە نێو ئیدارەکردنی نێو بنەماڵەوە"..."ئەوە ڕاستە هەر ژنێک ئەرکی خۆی بەلاوە پەسەند نەبێ و، بڕوا وەدوای زانست بکەوێ دەبێ ڕەخنەی لێبگیردرێ."

هەروەها وتار و نوسراوەکانی ڕۆسو بۆ "Napoleon " 1769-1821 حوکمی ئیلاهی هەبوو، ئەو بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە مافی پیاو وەک مێرد بە تەواویی دەپارێزرێ، خۆی شەخسەن دەستی لە یاسا وەردا. نووسەرانی یاسا ویستیان پێش بەم کارەی ئەو بگرن بەڵام ناپلئون بە هێنانەوەی بەڵگە لە تێڕوانینی ڕۆسو لە سەر ژن و ئاماژەکردن بە چیرۆکی خولقاندن کە لە "گێنێسیس"دا هاتبوو، وەڵامی دانەوە: "فریشتەکان ئەمەیان بە ئادەم و حەوا گووتبوو." پاراگرافی 212 یاسای مەدەنی یەکێک لە یاسا بەناوبانگەکانی ناپلئونە کە لەسەر بناخەیەکی دووقاتی، واتا ناتەواویی ژن و پێویستی بوونی پیاوێک لەبنەماڵەدا بۆ بەڕێوەبەرایەتی، ڕێکوپێککراوە. ناپلئون تەنانەت ئەم ڕیسایەی کردە باو کە بووک شەوی هەوڵ دەبێ بە زمان دەربیبڕێ و بڵێ کە؛ ئەرکی سەرشانێتی کە گوێڕایەڵی مێردەکەی بێ. ناپلئون سیستەمی خوێندنگەکانی فرانسای لەسەر سیستەمی پەروردەی ڕۆسو دامەزراند.

**زۆر بە کورتیژیانی شەخسی و بنەماڵەیی ڕۆسو:*

*ڕۆسو خۆی کوڕە هەژار بوو، کچە کاردارێکی منداڵی هەژار و، نەخوێندەواری بۆ هاوسەری خۆی هەڵبژارد. بە گوتەی خۆی ژنەکەی تەنانەت نەیدەزانی کاتژمێر بخوێنێتەوە. ڕۆسو پێنج منداڵی لەو ژنەی بوو و، هەر پێنجی لە هەتیوخانان بەجێهێشت، بێ ئەوەی ویست و ڕەزایەتی دایکە لەسەر ئەو کارەی بێ. ڕۆسو دوای فڕێدانی منداڵەکانی کتیبێ "ئێمیل 1762"ی نووسی.**

**ئامادەبوون و خۆبەختکردن**

کۆمەڵگای کارتێکراوی فەلسەفەی ڕۆسو و میراتگرانی تەنیا ئەو ژنەیان بەلاوە بەڕێز و پەسەند بوو کە دایک بێ، ئەویش دایکێکی نوێی قالبگرتووی بیری خۆیان. فەیلەسوفان بە هزری بەرزی خۆیانەوە دایکیان بە شێوەیەک داڕشت و بە زمانی خۆش بەستیانەوە کە بە هاسانی نەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە لە بەرانبەر پیاودا ڕاوەستێ. ئەوان لە ڕێگای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی ڕێکوپێک نرخی سروشتی، ڕەگەزی و کۆمەڵایەتیان بە دایک دا، نەک بە ژن و توانیان بابەتێکی نوێ گەردوونی بهێنە ئاراوە.

لە هەموو سەردەمێکدا بە دژی ڕەوت ڕۆیشتن چەتوون بووە و چەتوونە، بەڵام دیسان مێژوو پڕە لەم چەشنە ڕۆیشتنانە. Mary Astell یەکێک لەم بیردۆزانە بوو کە لە ساڵی 1694دا واتا دەیان ساڵ بەر لە فەیلەسوفانی دەورانی ڕەوشەنگەری وتارەکانی بە دژ سەروەری ناڕەوای پیاو و، بە کەم زانینی ژن بڵاوکرایەوە. "ماری ئاستێل"، لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە ژێرچەپۆکەبوونی ژن تەنیا دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی باردوخی ژن، نەک جیاوازی سروشتی ژن.

لە نێوەی دوایی سەدەی 17دا جوڵانەوەی بیری مافخوازی و یەکسانی لە نێو ژناندا بە ئاشکرایی و فەرمی خۆی دەرخست و، نۆرم و ڕێساکانی کۆمەڵگا لە ئاست پرسی ژن کەوتە ژێر پرسیارەوە.

Olympe de Gouges, Mary Wollstonecraft , Lady Mary Wortley, Catherine Macaulay، دژایەتی خۆیان سەبارەت بە جیاوازییەکانی سروشتی کە لە لایان زۆربەی بیرمەندانی ئەو سەردەمە - بە تایبەت ڕۆسو- بۆ سەرکوت کردنی ژن کەلکی ئاوەژووی لێوەردەگیرا، نیشاندا.

ژنانی چینی ئەریستۆکرات و بورژوازیی سەرەوە، بە هۆی ئەوەیکە لە باری ئابوورییەوە دڵەڕاوکەیان نەبوو و، هەروەها لە باری کۆمەڵایەتیشەوە دۆخیان لە ژنانی دیکەی چینی کۆمەڵگا باشتر بوو(پیاوی ئەریستۆکرات ئەگەر دەستی لەسەر ژنی هەڵێناباوە بە نانەجیب و بەربەر ناوبانگی دەردەکرد). ئەوان کاتی خۆیان بە دڵی خۆیان تێدەپەڕاند وەک؛ کتیب خوێندنەوە، گوڵدۆزی کردن و خۆجوانکردن. هەروەها ژمارەیەکیش خاوەنی پلە و مەقامی کۆمەڵایەتی بوون. ئەوان بە گشتی ئەم بیرەیان بە لاوە پەسەند نەبوو و، نەیاندەویست دانیشن مەمکی بە منداڵیان بدەن و، تەڕوویشکیان بکەن، واتا کاتی ژیانی خۆیان بۆ کەسێکی دیکە تەرخان بکەن. لە هەمان ڕاستادا ژنانی چینی هەژار کە لە ڕێگای پیشەی تایانی خۆیان بەڕێوەدەبرد، نەیاندەویست ئەم ئیمکان و داهاتەی لەدەست بدەن. بەڵام ژنانی چێنی مامناوەندی ئەگەر بەم کارە هەستابان نەک هیچ شتێکیان لە کیس نەدەچوو، بەڵکوو ڕێز و سپاسی کۆمەڵگایان وەچنگ دەکەوت.

هاوکات لەتەک ئەم ململانییە، لە ساڵێ 1780دا نەخۆشی سیفلیس بە بەرفەراوانی لە نێو ژنانی تایاندا بڵاوبووە، ئەو ڕووداوە وای کرد کە ڕاگرتنی منداڵ لە لای دایک ببێ بە بابەتێکی ئەخلاقی.

بە گشتی وادەردەکەوێ ژنان زۆر بە کاوەخۆ وڵامی هەوڵ و هاندانی ڕاسپێردەکانیان بۆ بوون بە "دایکی سروشتی" داوە و، "ئەزمونی قوربانی بوون"یش ماوەیەکی درێژی خایاند تاکوو بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە لایەن ژنانەوە بەتاقیکرایەوە، چوونکو دەبینین تاکوو سەرەتای سەدەی 19ش، پەیامەکانی هاندان هەر دووپات دەبنەوە.

شارەزایان زیاتر لەسەر ئەمە کۆکن ژن لەوەێکە بۆ یەکەم جار قەدری لێگیرا و، تیشکی خسترایە سەری، بە شتێک داندرا و نازناوی "خولقێنەر"ی لەسەر داندرا و پێگووترا؛ نیشتمان چاوی لە تۆیە. زۆری کەیفی پێهات و ئەوانە هەموو بۆ ژن شتێکی تازە بوو. "بدینتێر" دەڵێ؛ "منداڵ بەر لە هەموو شتێک بوو بە کەرەسە بۆ سرنجدان بە دایک."

دایک بۆ ڕێزلێگرتنەوە لە هەڵوێستەکان و نیشاندان و سەلماندنی گرینگی بوونی وجودی، زیاتر و زیاتر نوقمی ئەو ڕۆڵ و ئەرکانە دەبوو کە بۆیان دەستنیشان دەکرد. تەنانەت هەوڵیدەدا تەواوی ئەو هەلبەستۆکانەی کە لە ئاست دایک بوون لە دەورووبەری خۆی دەبیبیست وەڕاستی گێڕێ. کۆمەڵگا لە بەرابەر ئەم کارەیدا ئەوی بە دایکێکی باش دانا و سپاسی کرد. چاودێری و ئاگالێبوون لە منداڵ بوو بە بابەتێکی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی. یارمەتیکردنی دایکانی نەدار و منداڵ هەڵگرتنەوەی بوو بە باو و، بارودۆخی هەتیوخانەکان باشتر کرا. بۆ بەرگریکردن لە مافی منداڵ و باشتر بوونی پێوەندی نێوان دایک و منداڵ یاسای نۆی پەسەندکرا.

هوشیاری دایکی تازە لە ئاست دڵسۆزی و، خزمەت کردنی منداڵ سنووری نەبوو، دایک دەبوایە هەمیشە لە بەردەستان بێ. منداڵ بۆ مەعبەد یان مەدرەسەی شەوڕۆژانە ڕەوانە نەدەکرا. دایک بۆی نەبوو خۆی لە منداڵی توندوتیژ بکا و، دەبوایە هەموو ویست و ئاواتەکانی لە پێناوی دواڕۆژی منداڵدا دانێ. منداڵ بوو بە بەشێک لە دایک، دایک بێ منداڵ هەستی بە ناتەواوی دەکرد. دووربوونەوە لە منداڵ بەهەر هۆیەک بایە ناپەسەند بوو. تەڵاق وەرگرتن و بێ منداڵ لە ماڵ هاتنەدەر وێڕای ئەوەیکە بۆ دایک شتێکی یەکجار چەتوون بوو، مایەی سەرزەنیشت و شەرمەزایش بوو. ئەو دایکە خەڵاتکراوە یان لە ڕاستیدا ئەو "پاشا کۆیلەیە" بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشی ئەرکەکانی بەڕیوەبەرێ و، سۆز و دڵسۆزی خۆی نیشانبدا، مەڵبەندێکی تایبەتی بۆ دەسنیشان کردرا. بە گوتەی "لیتکێنس": "ماڵێ - مەڵبەندی نوێ پاشایەتی ژن"، و پەرژینی لە دەورەی کێشرا تاکوو خۆی پاشایەتی تێدابکا.

داواکارییەکان دوو هەستی بەهێزیان لە لای دایک خولقاند؛ هەستی ئەرکداری و هەستی تاوانباری، ئەم هەستانە وایان کرد کە دایک نەتوانێ لە ئاست منداڵی بێ مبالات بێ.

دایک بەخاتری منداڵەکەی ناڕەواییەکانی بابی منداڵەکەی - مێردەکەی قەبووڵ کرد و دەنگی دەرنەهات. جارێکی دیکەش ژن کەوتەوە ژێردەسەڵاتەوە، ژێر قەرزەوە.

**بیر و فەلسەفەی نۆ سەبارەت یەکسانی و، بختەوەری تاکەکەسی**

بیرمەندان و فەیلەسوفانی دەورانی ڕەوشەنگەری هەر هەموویان لە بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی ئازاد و ئازادی ئینسان لە نێو تودەی خەڵکدا دەستێکی حاشا هەڵنەگریان هەبوو. بەڵام هاوکات دەکرێ بڵێین زۆربەی زۆریان پیاوبوون و، زۆرتریان خەباتیان لە ڕاستای یەکسانی لە نێو خودی پیاوان، واتا لە نێو خۆیاندا دەکرد تاکوو ئەوەێکە خەبات بۆ یەکسانی لە نێو پیاو، ژن و منداڵ واتا لە نێو ئینسانەکاندا بکەن. بەڵام دیسان کەسانیک هەبوون کە سرنجیان خستە سەر سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ژن وپیاودا و، بەم شێوە ئایدە و فەڵسەفەیەکی نوێتر سەبارەت بە یەکسانی و بەختەوەری تاکەکەسیان هێنا ئاراوە.

"Montesquieu"1689-1755، یەکێک لەو هەڵکەوتوویانەیە کە دژ بە باوەری "ژن سروشتەن لە پیاو کەمترە"، بوو. ئەو ڕەخنەی لەو بیرمەندانە دەگرت کە ڕاستبوونی نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا بە شتێکی درووست دادەنێن. مونتێسکیۆ دەڵێی؛ "ئەم دنیا پیاوانەیەی کە ئێمە هەمانە، لەسەر چەوسانەوەیەکی تەواو دروستکراوە ... ئەوە نابەرابەرییە، دەبێ و دەتوانرێ بگۆڕدرێ...."

مونتێسکیۆ لە ئاست پرسی ژن تەواو دژی بیری و تێڕوانینی ڕۆسو بوو و، سیستەمی پەروەردە، وەک شێوە پەروەردەکردنی "سوفی" مەحکووم دەکا و دەڵێ: "ئەم شێوە پەروەردەیە، دوایی دەبێ بە تاکە هێزی پاراستنی ئەو نەریتانەی کە ژنانی پێی مەحکووم دەکرێ". ئەو دژ بە ئەو بکە و مەکەیە کە بۆ ژن دادەندرێ و دژی ئەو دۆخانەیە کە ژنی تێدەهاویژرێ تاکوو تێیدا بژی و دەڵێ: "کچەکانی ئێمە مێشکێکیان هەیە کە ناوێرن بیری پێبکەنەوە، قەلبێکیان هەیە کە ناوێرن هەستی پێبکەن، ناوێرن بە چاوەکانیان ببینن، ناوێرن بە گویان ببیسن، ئەوان تەنیا خۆیان بە نەزان نیشان دەدەن، مەحکووم بە ئەوەن کە خەریکی وردەکاری و گوێڕایەڵی بن."
هەروەها "Condorcet "1743-1794، یەکێکی دیکە لەم هەڵکەوتوویانە بوو کە یەکسانی سروشتی و سیاسی نێوان ژن وپیاوی بەلاوە گرینگ بوو. کۆندۆرکێت ڕەخنەی لە یاسا گوشارهێنەرەکانی پیاوان دەگرت کە بە دژ ژنان دەریان دەکرد. ئەو داواکار و لایەنگری مافەکانی شاروەندی وەک مافی دەنگدان، هەڵبژاردن لە چالاکییە فەرمییەکان، ڕەخساندنی هەلی فێرکردن و پەروەردە ی وەک پیاوان بۆ ژنان دەکرد. کۆندۆرکێت هەروەک مونتێسکێو ڕەخنەی توندوتیژ لە ڕۆسو دەگرێ و دەڵێ: "بوون بە دایک تاکە توانایی نییە کە ژنان هەیەیانە. ژنان دەتوانن بە هەموو پلە و پایەیەک بگەن. بە هۆی نابەرابەری بەر لە ئەوان دەگیرێ کە زانیاری و توانایی بۆ خۆیان وەدەست بهێنن، نەک بە هۆی نەتوانینی سروشتی."
هەروەها پرسی بەختەوەری بابەتیکی دیکە بوو کە فەیلەسوفانی سەدەی 17 سەرقاڵی بوون. گەڕان بە دوای بەختەوەری تەواو مانای فەلسەفەی ژیانی گۆڕی، دروشمی "ئینسان بۆ ئەوە خولقاوە بەختەوەر بژی "، گرینگی بە ژیانی سەرزەوی دا. خەڵک دەبوایە خۆی فێربکا چۆن بژی، نەک چۆن بمری. ڕووحی دوای ژیان کەوتە ژێر پرسیارەوە. ڤوڵتێر دەنووسێ: "بەختەوەری تەنیا شتێکە کە ئینسان دەبێ هەیبێ و، گەورەترین نیگەرانی ئەوەیە کە لە بەختەوەریدا نەژی."
فەیلەسوفانی لایەنگری بەختەوەی ئاوا ئەم دیاردەیان پێناسە کرد: " جەستەیەکی پاک، ویژدانێکی ئارام ودۆخێک کە ئینسان پێی رازییە، ئەوە ئەو شتەیە کە ئینسانێکی تێگەیشتوو دەتوانێ بە هیوای بێ".
یەکەم شوێن کە ئەم بیرمەندانە بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە بەختەوەری ئاماژەیان پێکرد ماڵێ بوو: "ئەگەر بەختەوەرێک لەم دونیایەدا وجودی هەبێ، بەرلەهەموو شتێک دەبێ جێگای لە نێوبنەماڵەدا واتا لە نێو ئەم کۆمەڵگا بچووکەدا دەبێ." لە نێو ئەو چەشنە بنەماڵانەی کە ئەو سەردەمە باوبوون زۆر چەتون بوو بەختەوەری بەدی کرابایە. هەربویە بیرمەندان لە هەوڵی ئەوە کەوتن گۆڕانکارییەکی بناخەیی لە نێو بنەماڵەدا بە ئەنجام بگەینن لە شێوەی پێکهێنانی بنەماڵە ڕا بگرە تاکوو دەگا بە هەڵسوکەوتی ئەندامانی بنەماڵە لەبەرامبەر یەکتردا، بۆ ئەوەی ئەندامانی بنەماڵە بە ورد و درشتەوە هەست بە بەختەوەری بکەن. (فەلسەفەی بەختەوەری تاک، گەشەی کرد و بوو بە بەشێک لە ئایدولۆژی سیاسی بۆ گەیشتن بە بەختەوەری بەکۆ).
بە ڕای فەیلەسۆفانی لایەنگری بەختەوەری تاکەکەسی، " هاوسەری نەریتی" یەکەم لەمپەر بوو بە گەیشتن بە بەختەوەری تاک و دەیانگوت؛ ئەم چەشنە ئیزدواجە تەنیا یەک ڕێککەوتنە لە نێوان دوو بنەماڵاندا، کە تێیدا ویست و سەلیقەی دوو هاوسەرەکان وەک تاکەکەس لەبەر چاو ناگیرێ، هەربۆیە نەمانی ڕێگا خۆشکەرە بۆ گەێشتن بە بەختەوەری تاکەکەسی. کۆمەڵگا هاندەدرا بۆ پەرەساندنی "هاوسەری بە ئەوین"وە دەیانگووت؛ ئەم چەشنە ئیزدواجە ژن و مێرد لێک نزیکدەکاتەوە، گرینگی نەخشی ژن بەرچاو دەکا. گەڕان بە دوای بەختەوەریدا، وەهای کرد کە هەست و نرخی ئەوین و ئەویندارى بەرز بکرێتەوە. پێشتر ئەوین وەک هەوەس چاوی لێدەکرا و ئەم باوەرە حاکم بوو، کە بناخەی ژیان لەسەر ئەوین لەرزۆکە. "فلاندرین"، هاوسەری نەریتی

مەحکووم دەکا و دەڵێ: "ئەمە چەشنێک ژن بە تاڵان بردنە. ئەم پێوەندییە بەدوای هێنانەدی قازانجی کۆمەڵایەتی و ئابووری دایە و سووکایەتیکردنە بە مافە تازەکان، وەک: مافی هەست بە بەختەوەری و ئازادی تاکەکەسی."
"ڤۆڵتێر"، هانی کچان دەدا مل بە هاوسەری بێ ئەوین و نەناسراونەدەن و، بە دژی ناردنی کچان بۆ مەعبەد و دێرەکانەدا دەڵێ: "ئەو کچە گەنجە دبێ بگاتە قۆناخێک کە خۆی بیربکاتەوە. بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بیربکاتەوە پێوستە لە مەعبەد دوور بخرێتەوە. مەعبەد وەک زیندانێکە کە ئینسانی تێدا گەوج دەبێ... مەعبەد وەها لەو کچە گەنجانە دەکا کە بۆ ئەوەی لە وەی نەجاتیان بێ، لەگەڵ هەرکەس بێ بڕوێن... ئەوان پێیان وایە ناتوانن لەم زیندانە بێنەدەر تاکوو ئەو دەمەی کە بە کەسێکی غەریبە نەدرێن. ئەو کەسەی دێ و لە پشت نەردەکانەوە لێتان دەڕوانێ..: ئەو کێیە کە ئێوە وەک ڕزگارکەر تەماشای دەکەن، تەنانەت ئەگەر بێتوو مەیموونێکیش بێ... دەتانەوێ بەختەوەر بن؟...خۆتان بە ئەو دەدەن بێ ئەوەی خۆشتان بوێ... ئەو بڕیارەێ کە بێ ئیزنی ئێوە دەنووسرێ زۆر زوو هەردووکتان لێی پەژیوان دەبنەوە."
ئاواتی گەیشتن بە بەختەوەری لای تاک بوو بە باو و، ئەدیبان، شاعیران و گۆڕانییبێژان بە هونەرەکەیان پەیامی بەختەوەری و، خۆشەویستیان بڵاودەکردەوە و، هەروەها هانی پیاوان دەدرا لە ژنەکانیان نەدەن. پەندی تازە هاتە سەرزاران:"هاوڕێی خێزانت بە و، ئاغای ئەسپەکەت".
سەبارەت بە دەرئەنجامی سەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە نێو کۆمەڵگادا "بدینتێر" دەڵێ: "دوو فەلسەفەی یەکسانی- بەختەوەری تاکەکەسی، فەلسەفەی خۆشەویستی لێکەوتەوە". هەروەها دەکرێ بڵێین ئەم سێ فەلسەفەیە بۆ تاک بوو بە بناخەی دەستپێکی سازکردنی ژیانێکی سەربەخۆ و ئاسودەیی.

## پێناسەی نوێ

خوێندنەوەی تازەی سەدەی 17 لەسەر منداڵ و ژیان و هاتنە ئارای تەوەری یەکسانی، بەختەوەری و خۆشەویستی بە گشتی، هوشیاری خەلکی بەرزکردەوە. دانی زانیاری و ڕوونکردنەوەی پرسەکانی ژیان، تاکی کۆمەڵگای لە مافەکانی خۆی نزیک کردەوە و، بوو بە هۆی ئەوە کە تاک بە چاوێکی ئەرێنی بڕوانێتە خۆی و، ویست و داواکانی لە دەسەڵات زیاد بکا.
ژن بۆ ئەوەی بە یەکسانی، بەختەوەری و خۆشەویستی بگا بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە بوونی ئازادی و سەربەخۆیی بوو، هەر بۆیە هەوڵی بۆ وەرگرتنی دا. چوونکو دەسەڵاتی پیاو بوونی ئازادی و سەربەخۆیی لە لای ژن وەک مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەدیت، هات و تاکوو ئەو جێگایەی کە توانی بەری بە ژن گرت تا بە ئازادی نەگا. "بدینتێر" لەم پێووندییەدا دەڵێ: "دەسەڵاتی پیاوسالاری دەیزانی ناتوانێ هەرلە خۆوە بەر بە ئازادی و سەربەخۆیی ژن بگرێ. ئەو هات زۆر زیرەکانە لەمپەری خستە سەر ڕێگای ژن و، ڕۆڵێکی بۆ تەرخانکرد کە قەت نەتوانێ بەجێی بهێڵێ، واتا ڕۆڵی دایکێتی."
بەستنەوەی ژن بە ئەرکی مێرداری و منداڵداری و خولقاندنی هەستی تاوانباری لەم پێوەندییەدا لە لای ژن، وای لە ژن کرد کە لە وەرگرتنی سەربەخۆیی خۆیدا سەرنەکەوێ و، لە دەرئەنجامدا دەستی بە گرینگەکانی دیکەش واتا بە یەکسانی، بە بەختەوەری و خۆشەویستی ڕانەگا.
کوندورکێت شورشی فەرانسا بە "شورشی ڕۆسو" ناودەبا و سەبارەت بەم بابەتە و پێناسەی نوێ ژن، ئاوا دەڵێ: "ئەم شورشە زیاتر هی ڕۆسو و هاوبیرانی - بە ژن و پیاوە- بوو، تاکوو ئەوەی هی گەلی فەرانسا بێ." ئەو وێڕای ئەوەیکە تیۆری ڕۆسو سەبارەت بە ژن ڕەتدەکاتەوە، پێی سەیرە

که ژنان لایەنگری لە تیوری ڕۆسو دەکەن و دەڵێ: "سەرەڕای هەموو شتێک ڕوسۆ بوو بە خۆشەویستی ژنان، ئەویش لە ڕێگای ئەوەیکە پێیان بڵێ؛ ژنان تەنیا بۆ ئەمە خولقاون کە بە ئێمە ڕابگەن و، تەنیا لە ئەوە باشن ئێمە ئازار بدەن...".

"Kaari Uitrio" بەم چەشنە ڕۆسو دەناسێنێ: "ڕۆسو ئینسانێکی ناتەرازبوو، گرێمانی خۆی بەکەمزانی هەبوو و، لە نەخۆشی نەفسی ترسەڕاونان ئازاری دەکێشا. هەروەها لە ئاست شێوەی بیرکردنەوە یەکجار چاوتەنگ بوو. سەرەڕای ئەمانەش هەم لە سەردەمی خۆیدا و هەم دواتر لە ڕادەبەدەر بەنفووز بوو."

هەر چۆنێک بێ، دیسان بۆ جارێکی دیکە پیاو لە پاراستنی سالاری خۆی سەرکەوت. پیاو توانی بە یارمەتی خوێندنەوەی تازەی لە یاسای سروشت، زانستی دەستکردی خۆی و ئەو توانا ئابوورییەی کە هەیبوو، ژن ناچار بە پەسەندی پێناسە نوێ بکا. پەسەند نەکردنی پێناسەی نوێ مان و نەمانی ژنی لە مەترسی خست. هەروەک "بدینتێر" دەڵێ: "پێناسەی نوێ وایکرد هەر دایکێک لە ئەرکی دایکێتی لابدا سەری ببڕن."

"Madame Roland 1754-1793" ، و "Olympe de Gouges 1746-1793" دوو وێنەی ناسراو لە ئەو ژنانەن کە نەیانویست خۆیان بە ئەرکی کابانێتی و دایکێتی ببەستنەوە و خەباتیان بۆ سەربەخۆیی و یەکسانی کرد و سەریان لەسەر ئەم ڕێگایە دانا.

"ئۆلیمپ دێ گۆگێژ" لە وتارەکانیدا (17وتاری مێژوویی) بانگەوازی مافی ژنی کرد. درووشمەکانی گۆگێژ وەک: "ژنان هەستن لە خەو!"، "ژنان دان بە مافی خۆتان دابێنن"... توانی بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری خۆی لەسەر ڕوتی خەباتی جوڵانەوەی دوا ڕۆژی ژناندا هەبێ. "گۆگێژ" و، هاوسەنگەرەکەی "مادام ڕۆلاند" بە وتار و نووسراوە، لەسەر توندوتیژی پیاو بۆ سەر ژن دوان و، ئاماژەیان بە گوشار وهەڵسوکەوتی نارەوای پیاوانی شوڕشگێڕ لە ئاست ژنانی شوڕشگێرکرد. گوگێژ لە یەکێک لە وتارەکانیدا لە سێپتامبری 1791دا مافی ژنی بەم شێوە شیکردەوە: "ژن ئازاد هاتووتە سەر دنیا و، هەمان مافی هەیە کە پیاو هەیەتی... یاسا دەبێ ویستی خەڵک لە بەرچاو بگرێ. هەموو شارومەندێک؛ پیاو و ژن بەرامبەرن و، دەبێ بەشداری لە یاسادانان‌دا بکەن... یاسا دەبێ بۆ هەموو لایەنێک هەمان بێ... هەموو شارومەندێک؛ جا چ ژن بێ، چ پیاو بێ، لە بەرامبەر یاسادا یەکن و هەڵبژارنی هەر پلە و پایەیەکی فەرمی دەبێ لە ڕووی لێهاتوویی و توانایی بێ و نە هیچ تەوەرێکی تر.

مادام ڕۆلاند لە دادگەیەکی نارەوادا حوکمی لەسەر درا و ئیزنی پێنەدرا داکۆکی لە خۆی بکا، بەڵام بە حاکمانی گووت: "ئێوە من مەحکووم دەکەن و شایستەی ئەوەم دەکەن بەشداربم لە چارەنووسی ئەو پیاوە گەورانەی کە ئێوە کوشتانن. من هەوڵی خۆم دەدەم بەدڵ و جەرگ بم و، هەمان بوێری نیشان بدەم کە ئەوان کاتی بەرەو گێوتین ڕوێشتن لە خۆیان نیشاندا."

لێژنەی خۆشبژێتی شوڕشی فەرانسا ئێعدامکردنی "مادام ڕۆلاند" بە ڕەوا دادەنێ و، لە ڕاپۆرتەکەی خوێدا بەم چەشنە ئاماژە بە سزا و تاوانەکانی ئەو دەکا: "ڕۆلاندی ژن، فەیلەسۆفی بیری بچووک خوازیاری پلانی گەورە بوو... ئەو لە هەموو بارێکەوە جانەوەرێک بوو... ئەو دایک بوو بەڵام ویستی خۆی بەسەر سروشتدا گەورە و بەرزبکاتەوە، ئەو سروشتی قوربانی خۆی کرد. مەیل و ویستی فێربوون وای لە ئەو کرد زۆر لە ئاست جنسی خۆی بێ مبالات بێ و بێ مبالاتییەکی مەترسیداریش، بێ مبالاتی وای لە ئەو کرد کە بە مردنی خۆی تەواوبێ- بە گێوتین."

سزای لاربوونەوەی ژنان لە ڕێساکانی "پاولۆ" و "ئاوگوستیوس" جیاوازییەکی ئەوتۆی لەتەک سزای لاربوونەوە لە ئەرک و ڕێبازە دەستنیشانکراوەکانی ڕۆسو دا نەبوو. تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەو کات

ژنان بە ناوی دژ بە باوەڕی ئیلاهی و جادووباز ئاوریان تێبەردەدان و، دواییش بە ناوی دژ بە سروشت و ملنەدان بە ئەرکی کابانێتی و دایکێتی لە گیوتین دەدران.

### ئەوینی بابێتی و ئەوینی دایکێتی

بە تێبینی و بە چاوخشاندن بەم مێژوولکەیە واتا پێوەندی نێوان ژن و ئایین - ژن و دەسەڵات - ژن و کۆمەڵگا - دایک و منداڵ دەبینین ژن بە گشتی لە هیچ بارودۆخێکدا ئازادی دەربڕینی هەستی ڕاستەقینەی خۆی نەبووە. ئێمە دیتمان کە چۆن لە سەدەکانی نێوەڕاستدا پیاو واتا "دەسەڵات" فتوای دا کە دایکان سۆزیان بۆ منداڵیان نەبێ و، مێهر و محیبەتی پێ نیشان نەدەن. هەروەها دیتمان منداڵ بە هین نەگرتن و منداڵ مردن، چۆن نفووز و مانەوەی ئورووپای خستە مەترسییەوە و، تاوانەکەشی خسترایە ئەستۆی دایک. هەم دیسان هاواری دەسەڵات بەرز بووە بۆ داپلۆسانی تاوانبار. پەیام و داخوازییەکە بۆ تاوانبار درووست پێچەوانەی ئەوەی پێشوو بوو؛ بە هۆی بێ مبالاتی، بێ سۆزی و لە خۆ دوورکردنەوەی ئێوە، منداڵ هیچی نەمان و هەمووی مردن...
ئەم ڕابردوویە و، سەرهەڵدانی چەمکی "ئەوینی دایکێتی" لە کۆتایی سەدەی 17دا، ئەم پرسیارە هەروا زیندوو ڕادەگرێ، کە ئایا غەریزەی دایکێتی هەڵبەستۆکە یان تەنیا خۆشەویستییە کە وەردە وردە لە لای دایک بۆ منداڵی پەیدا دەبێ (تەنانەت هەڵدەکەوێ قەت پێدا نەبێ). ئەوانەی لەسەر ئەم باوەڕەن کە غەریزەی دایکێتی هەڵبەستۆکە و، دایک خۆشەویستی بۆ منداڵ هەیە نەک غەریزە، دەڵێن؛ ئەگەر هەستی دایک بۆ منداڵی خۆبەخۆ و سروشتییە، ئەی بۆ منداڵ لە خۆ دوورکردنەوە، منداڵ کووشتن، منداڵ فڕێدان، مەمک پێنەدان، بە تایان دان، بەڕێکردن بۆ شوێنی دیکە، بێ مبالات بوون و خۆشنەویستنی منداڵ لە نێو دایکاندا شتێکی نامۆ نییە.
ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکردەوە لەتەک جیاوازیی ڕێژەیی خو و ڕەوشتی دایکان سەبارەت بە منداڵ و منداڵەکانیان ڕووبەڕوو دەبینەوە. زۆر جار ئەم جیاوازییە تەنانەت هەلسوکەوتی جیاوازی دایک لە نێو منداڵەکانیدا، بە پێی گەورە، چکۆلەیی یان کچ و کوڕ دەگرێتەوە. ئەوەی لێکۆڵێنەران لەم پرسەدا پێگەیشتوون ئەوەیە کە ڕەوشتێکی یەکگرتووی دایکێتی لە هیچ دەورانێکدا بوونی نەبووە و، هەروەها جیاوازییەکی گەورە لە نێوان خو و ڕوشتی دایکاندا هەبووە و هەیە. جیاوازی شێوەی هەڵسوکەوتی دایکان تەنیا پێوەندی بەمەوە نییە کە هی کام تاقم و گرووپی کۆمەڵایەتین، واتا لە ڕەوشتی دایکێتیدا تەنیا بارودۆخی کۆمەڵایەتی پێشمەرج نەبووە، بەڵکوو بارودۆخی ئابووریش تا ڕادەیەکی زۆر پێشمەرج بووە. واتا ئەو منداڵەی کە بوونی چاوەڕوان نەکراوە یان بەخێرنەهاتوویە، بوونی وەک خەڵات هەستی پێنەکراوە و بە سەربار داندراوە و کەمتر لە سۆز خۆشەویستی دایک چێژی وەرگرتووە.
نەبوونی ڕەوشتێکی یەکگرتوو یان هەڵسوکەوتی جیاوازی دایکان کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەش دەگرێتەوە و، تاکوو چەند دەیە لەمەو پێش منداڵ بە تایان دان (جا بە هەر هۆیەک بووبێ)، لە نێوامانداشتێکی باو بووە.
ماموستا هێمن لە پێشەکی تاریک و ڕووندا ئاوا دەڵێ: " مێژوکم لە مەمکی دایکم نەکردوە و فرچکم بە شیری دایەن گرتوە. دایکم زۆر جار بە چاوی دادەدامەوە و دەیگوت: تۆ پێوقەدەم ڕەش بوی. هەر تۆم وەزگ کەوت لەشی ساغم بە خۆمەوە نەدی... نە باوکت سیپاڵێکی لە ماڵێ دا مابوو... دایەنەکەم ناوی یاسەمەن و خەڵکی ئازەربایجان بوو. لەلەکەم کە ناوی عیزەت بوو خەڵکی تورکیا بوو... ئەو ژن و پیاوە هەژار و ئاوارەیە بە دڵ و گیان منیان بەخێو دەکرد و زۆریان خۆش دەویستم. منیش ئۆگری ئەوان ببوم وەک دایک و بابی خۆم خۆشم دەویستن."

هەروەها لایەنگرانی ناڕاستی غەریزەی دایکێتی دەڵێن؛ بە بەرزبوونەوەی ستاتووی منداڵ لە کۆمەڵگادا ئەرک و خۆشەویستی دایکی بۆ منداڵ زۆر کرد و، کاتێک دوو وشەی "غەریزە" و "دایک" تێکخراوە، مانای هەموو شتێکی دەگۆڕدرێ و نەریت، ئەرک و هەستێکی نوێ لای دایکان سازدەبێ.

دابەشکردنی کار بە پێی ڕەگەز بەردێکی پانی بناخەی ژێندەرە. کاتێک ئەرکی ئاگاداریکردن لە منداڵ چ بە ساوایی و چ مێرمنداڵی بە تەواویی بە ژن دەدرێ، واتا کار و ئەرک بە پێی ڕەگەز دابەشدەکرێ و، بەم شێوە بڕیار لەسەر ئەرکی ژیانی ڕۆژانەی ژن دەدرێ. ئەم بڕیارە چەمکی "دەبێ وابێ" ی، لێدەکەوێتەوە و، ئەمەش بە ژێندەر دادەندرێ. ژێندەر سازکردنی دنیای جیاوازی ژنانە و پیاوانە ڕەتد دەکاتەوە و، دابەشکردنی کار بە پێی ڕەگەز وەک شتێکی بڕیاردراویی هەتاهەتایی قەبووڵ نییە.
ئەگەر سەدەی 16 نزمی دۆخی منداڵە، سەدەی 17 سەردەمی بەرەو بەرزی چوونە و، کۆتایی سەدەی 18 و لە سەرانسەی سەدەی 19 دۆخی ترۆپکی منداڵە. بەڵام دیسان لە سەدەی 19شدا ناوێک لە غەریزە یان خۆشەویستی باب بۆ منداڵ باسی لێ ناکرێ. ئەگەر غەرێزەیەک بە ناوی غەریزەی دایکێتی هەبێ، دەبێ غەریزەی باوکێتیش هەبێ، چوونکە منداڵ هەم هی دایکە و هەم هی باوکە و، هەروەها خۆشەیستی و غەریزە ناتوانێ شتێکی ڕەگەزی تایبەت بە پیاو یان ژن بێ.
بارودۆخ و ئەقل و شعووری ئێستاکە بوون و خۆشەویستی باب ودایک بەیەکەوە بۆ منداڵ بە پێویست و گرینگ دەزانێ. بە گشتی بۆ یەکەم جار لە دەهەی 1960دا خۆشەویستی و ئەوینی باوکێتی سرنجڕاکێش دەبێ و ئەوینی دایکێتی ئیتر وەک ئیمتیازێک بۆ ژن چاوی لێناکرێ. ئەوینی بابێتی وەک ڕووداو و وەرچەرخانێکی گەورە بوو کە بەر لە هەموو شتێک قازانجەکەی بە باب و بە منداڵ گەیشت. هەروەها بزووتنەوەی هاوبەشی ژنان و پیاوانی ڕادیکاڵی سیاسی هەمان دەهە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سوسیال دێموکرات وەک سکاندیناویا و، کانادا بە قازانجی منداڵ و بنەماڵە، نۆڕمەکانی پێشووی گۆڕی. ڕاستێکی تر لەم بابەتەدا ئەوەیە کە شیکارانی سایکۆلۆژیی ڕۆڵی دایکێتی بێ ڕوڵی باوکێتی وەک سەرچاوەیەک بۆ گرێمانی دەروونی و تەنانەت سەرلێشێواویی منداڵ دەبینن.
*تاکوو ئێستاکە زانستی سایکولۆژی بە درئەنجامێکی مۆرکراو نەگەیشتووە کە بە ڕاستی و درووستی جیاوازی نێوان منداڵێکی بچووکی کچ و کوڕ نیشانبدا کە چییە. لە ساڵی 1979 گۆنگرەی نێونەتەوەیی سایکۆلۆژیی منداڵان لە لەندەن بەسترا. کۆنگرە لە ئاست ئەم تەوەرەوە زۆر بە لایەوە زەحمەت بوو کە جیاوازی نێوان ئەم دوویانە دەستنیشان بکەن. بە گوێرە دەرئەنجامگیری ئەوان هیچ بەڵگەیەک نییە کە نیشان بدا؛ کچان زیاتر ناچالاکن، هاسانتر دەکرێ تەئسیریان لەسەر دابندرێ و ڕەگ و مەیلی ئەوەیان تێدایە کە خۆیان ملکەچ بکەن. هەروەها هیچ بەڵگەیەک نییە کە نیشان بدا ویستی کێبەرکێ لە نێوان کوڕاندا زۆرتربێ و، ترس و شەرمێونی و نێگەرانی لای کچان زۆرتربێ. یان کوڕان ڕەگی فەرمانرەوایی کردن و کچان فەرمانبەری کردنیان تێدابێ. "دایکێتی"یان "ئاگالێبوون" هیچ خو و ڕەوشتێک نییە کە تایبەت بکرێ بە پیاو یان بە ژن.*
لقەکانی ئینسانی دنیای ئاکادێمی وەک کۆمەڵایەتی، سیاسی و سایکۆلۆژی نزیکەی چل ساڵە بە بەردەوامی کار لەسەر ئەم تەوەرە دەکەن و، بوونی ئەوینی دایکێتی و باوکێتی وەک یەک بۆ منداڵ بە پێویست و گرینگ دادەنێن.
لە پالپشتی ئەم دەرئەنجامەدا "Risman 1986" دەڵێ: "دان بەمە داهێنراوە کە پیاوان دەتوانن "دایکێتی" بکەن."

ئامادەکردن و نووسینی: مەرزە جەوانمەرد    2008-11-25

سەرچاوەکان:

1- Barndomens historia ”Philippe Ariés”

2- Den kärleksfulla modern ”Elisabeth Badinter”

3- Evas döttrar ”Kaari Utrio”

4- I begynnelsen var kvinnan ”Elizabeth Gould Davis”

5- تاریک و ڕوون

6-Om Genus ”R.W. Connell”

- تێبینی ئەو نووسراوانەی ئەم * هێمایەیان لە پێشە، بەم مانایەن کە وەرگێڕاوەن.

...

www.peshmergekan.com

2009-02-21